# شەپۆلی تۆڵە

یادێک لە
شەهید ملیتان جوودی



Şehîd Mîlîtan Cûdî

# شەپۆلی تۆڵە

بابەت: یادێک لەشەهید ملیتان جوودی
ئامادەکار: ناوەندی چاپەمەنی پژاک
دیزاین و هەڵەچن: ناوەندی چەپەمەنیپژاک
چاپخانە: شەهید جگەرخوێن
چاپی یەکەم: بەهاری ٢٠٢١
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

# ناوەڕۆک

پێشەکی........................................................................................... ٥

**بەشی یەکەم؛ وتارەکانی شەهید ملیتان**

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕێبەر ئاپۆ هێزی شەڕ و ئاشتییە ................................ ٩

شەهید فەلسەفەی ژیانی ئازادە ............................................................ ١٤

بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلەکەمان مەڵبەندی خەباتمان بەهێزتر دەکات.......... ١٩

لەئێران بڕیاری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی پێویستە .............................................٢٤

شەڕی عەفرین شەڕێکی مێژووییە دژ بە داگیرکەری .......................................٣١

نەورۆز ڕۆژی گورز وەشاندنە لە داگیرکەران ................................................... ٣٨

نەورۆز هەوێنی یەکێتی و پێکەوە ژیانی گەلانە ............................................. ٤٤

ئامانجی تورکیا لە داگیرکردنی قەندیل، داگیرکردنی باشووری کوردستانە ........... ٤٩

**بەشی دووهەم: ڕاپۆرتەکانی شەهید ملیتان**

**بەشی سێهەم: وتاری هەڤاڵانی شەهید**

شۆڕشگێڕێکی بێ وێنەی نیشتمان / ئامەد شاهۆ............................................ ٦٦

نامەیەک بۆ کاپیتانی گەمی ئازادی/ زال مەد .................................................. ٧٥

زادەی ڕەنج و ئەوین / ئاندۆک سنە ............................................................ ٧٣

**بەشی چوارەم: ئالبۆمی شەهید.................................................٧٧**

**ئەم نامیلکەیە پێشکەشی شەهیدانی ڕاگەیاندنی ئازاد بە تایبەت شەهید ملیتان جوودی کراوە.**

# پێشەکی

ئـەم ناميلکەيـە کۆکـراوەی وتارەکانـی شـەهيد مليتـان جووديیـە کـە لەقۆناخـە جياجياکانــی تێکۆشــاندا نووســيويەتی و بەشــی زۆريــان لەکاتــی خۆيــدا بــڵاو کراونەتـەوە. بـە پـێ رۆژەڤـە گـەرم و گوڕەکانـی ئـەو کاتـە وتـاری نووسـيوە و راوبۆچــوون و هەڵوێســتی خــۆی لەبەرامبــەر رووداوەکان دەربڕيــوە. زۆربــەی وتارەکانـی لێوانلێـوە لەهەسـت و بەرپرسـياری شۆڕشـگێڕی و بـۆ بـە جـێ هێنانـی راوبۆچوونەکانــی بــێ وچــان تێکۆشــاوە. هــاوکات هەڤــاڵ مليتــان هەســتی نووسـينی شـێعری بەهێـز و دەوڵەمەنـد بـووە کە جـار و بـار تێفکراندن و هەسـت و نەسـتی خـۆی بـە نووسـينی پارچـە شـيعرێک دەربڕيـوە. لەلايەکـی تريشـەوە ئەوەنـدە پابەنـدی رێـگای شـەهيدان بـووە کـە لەنووسـينی راپۆرتی تاکەکەسـی بۆ رێکخسـتن هەسـت و هەڵوێسـتی زۆر روون و بەرچـاوە و هەميشـە هەوڵـی داوە کـە خاوەندارێتـی لەرێچکـە و رێبـازی شـەهيدان بـکات.

شـەهيد مليتـان هـەر چەنـد لەگەرماوگەرمی تەمەنـی گەنجێتی دا لەنـاو ريزەکانی تێکۆشـان خزمەتـی دۆزی رەوای گەلـی کـوردی دەکـرد، بـۆ گەهێشـتن بـە ئامانجـی ديارێکـراوی هەمـوو هەوڵەکانـی دەخسـتەگەڕ. لـەدوا وێسـتگەی خەباتـی نـاو ريزەکانـی تێکۆشـان لەخەباتی چاپەمەنـی کارو بـاری شۆڕشـگێڕی رادەپەڕاند. حەز و ويسـتی هەڤـاڵ مليتـان بـۆ ئـەو خەباتـە ئەوەنـدە زۆر بـووە کـە لەقۆناخێکـی زۆر کورتـدا لەسـەرجەم بوارەکانـی راگەياندنـەوە خـۆی پێشخسـت و بـە کامێـرای سەرشـان و قەڵەمـی دەسـتی هەميشـە هەوڵـی داوە کـە ئێـش و ئـازاری گـەل بـڵاو بـکات و بـۆ چڕکردنـەوەی تێکۆشـان لەهەوڵـی هۆشـيارکردنەوەی گـەل بـووە. هـەم لەژيـان و نووسـينەکانيدا زۆر بـە کراوەيـی دەبيـنرا تـا هـزر و رامانـی رێبـەر ئاپـۆ بـە گەلـی رۆژهـەڵات بگەهێنێـت. هاوشـانی کامێـرا و قەڵـەم هەرگيـز چەکی لەسەرشـان دانەدەنـا و لـەو بڕوايـەدا بـوو کـە بـە چـەک، کامێـرا و قەڵـەم تۆڵـەی

مێژوویی لەداگیرکەرانی کوردستان دەسێنێتەوە. رق و کینی لەبەرامبەر داگیرکەران تا ئەو ئاستە بەرز بوو کە هەرگیز بڕوای بە وتە بریقەدارەکانی کاربەدەستانی رژێم و دەسەڵاتدارانی باشوور نەدەکردو بەردەوام لەهەوڵی هەڵدانەوەی راستی داگیرکەری و رەوتی خیانەت و مێژووی پڕ لەئێش و ئازاری کوردستان بوو.

هەڤاڵ میلیتان چەندێک گرنگی بە خەباتی لەشکەری ناو ریزەکانی شۆڕش دەدا، ئەوەندەش گرنگی بە خەباتی میدیایی داوە. بۆیە چ کاتێک دەرفەتی بۆ رەخسابێ، بە قەڵەمی دەستی برەوی بە تێکۆشان داوە و هەمیشە وشە رازاوەکانی ناو دڵی لەسەر رووپەلی کاغەز داڕشتووە و ئەرکی سەرشانی خۆی بە جێ هێناوە.

ئەم نامیلکەیە پێکهاتووە لە چوار بەش کە گرنگترین یان کۆکراوەی وتارەکانی شەهید میلیتانە. وتارەکانی هەڤاڵ پێشتر لەماڵپەڕ و گۆڤاردا بڵاو بووەتەوە. بەشی دووهەمی نامیلکەکە چەند راپۆرتی تاکەکەسی شەهید میلیتانە کە پێشکەشی رێکخستنی کردووە. بەشی سێهەم؛ نووسینی هەڤاڵانی شەهیدە و بەشی چوارەم و کۆتایی ئالبۆمی وێنەی شەهیدە.

ئامانج لە دەرخستنی ئەم نامیلکەیە، ناسینی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی شەهید میلیتانە کە لەهەڵەبجەی شەهیدەوە چاو بە دونیا هەڵدێنێ و لەگەڵ زام و ئێشی کیمیابارانی هەڵەبجە گەورە دەبێ و دواتر بە ئاشنا بوونی لەگەڵ فکر و رامانی رێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد بەشداری نێو ریزەکانی گەریلا دەبێ.

هاوکات خاوەندارێتی لە رەنج و تێکۆشانی هەڤاڵی شەهیدە چون هەڤاڵ میلیتان لەراپۆرتێکی تاکەکەسی خۆی کە پێشکەشی رێکخستنی کردووە، سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی کە هەمیشە هەوڵی داوە خاوەندارێتی لەرێ و رێبازی شەهیدان بکات. بۆیە پەیامێک ئاراستەی ئەویندارانی ئازادی و گەنجان و ژنانی کورد دەکات کە دەڵێت: "ئەگەر شەهیدانمان خۆش دەوێت و دەمانەوێت لەسەر ڕێبازیان بەردەوام بین، با هەر کەسێک لەلای خۆیەوە خاوەندارێتی لەرەنج و یادەوەریەکانی شەهیدان بکات. بێگومان هەوڵدانی من ئەوەیە کە

بـە دروسـت  کردنی کەسـایەتیەکی شۆڕشـگێڕ و بەهێـز لەخۆمدا بتوانـم لەبەرامبەر ڕەنـج و کۆششـی سـەرۆکایەتی، شـەهیدان، پارتـی و گەلـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان ڕەخنەدانـی خـۆم بـدەم".

ئـەو پەیامەی شـەهید میلیتـان ڕۆشـنکەرەوەی ڕێگای تێکۆشـانمانەو بەرپرسـیارێتی دەخاتـە سەرشـانمان کـە خاوەندارێتـی لەرەنـج و یادەوەریەکانـی شـەهید میلیتـان بکەیـن و گڵۆپـی هیواکانـی هەمیشـە لەزەیـن و هەسـتی هەڤـاڵان و ئەویندارانـی ئـازادی گەشـاوە بهێڵیـن.

ئـەم نامیلکەیـە پێشکەشـە بـە گیانـی پـاک و بێگـەردی شـەهیدانی هەڵەبجـەی شـەهید و شۆڕشـگێڕی نەمری گەلەکەمان لەباشـووری کوردسـتان هەڤـاڵ هەڵمەت (دیـار غەریـب) و میلیتـان جـوودی.

ناوەندی چاپەمەنی پژاک

٢٠٢١/٢/١٠



# بەشی یەکەم
## وتارەکانی شەهیدملیتان

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

# ڕێبەر ئاپۆ هێزی شەڕ و ئاشتییە

لەئەمڕۆدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو شەڕی جیهانی سێهەمین دایە. شەڕێک کە بەبێ هیچ یاسا و پێوەرێکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بەڕێوە دەچێت. ئیمپریالیزم و سیستەمی سەردەستی جیهان ڕێبەرایەتی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە دەکەن. سیستەمی سەرمایەداری جیهانی پێش هەڵگرساندنی ئەو شەڕە، تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردی بۆ هاتنی هێزەکانیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک کۆسپێک لەبەردەم خۆدا دەبینی. لەو پێناوەدا ئەمریکا و ئەوروپا بە ڕێگای ناتۆ، گلادیۆ و هێزە کۆنەپارێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەشداری کوردە بە کرێگیراوەکان، پیلانگێڕی نێونەتەوەیی ١٥ی شوباتیان پێکهێنا.

ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە لەناو جەرگەی مافەکانی مرۆڤدا جێ بەجێ کرا کە هەموو یاسا مرۆیی و نێودەوڵەتیەکانیان پێشێل کرد و ڕێبەر ئاپۆیان ڕفاند. هێزە ئیمپریالیستەکان پێیان وابوو کە بە بەدیل گرتن و ڕفاندنی ڕێبەر ئاپۆ کۆتایی بە پرسی کورد دەهێنرێت و تەڤگەری ئازادی گەلی کورد پاکتاو دەکرێت. گوایا بەو گەلەکۆمەیە ئیرادەی گەلی کورد تێکدەشکێت و ئامانجە چەپەڵەکانیان دێتە دی.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی ٢١ ساڵ بەسەر ئەو گەلەکۆمە چەپەڵەدا، بە ڕوونی دیارە کە پیلانەکەیان سەری نەگرت و بە پێچەوانەوە کلیلی چارەسەری قەیرانەکان و پرسی کورد بەدەست ڕێبەر ئاپۆیە. بە دوور لەحساب و پیلانی هێزە داگیرکەرەکان، ڕێبەر ئاپۆ لەماوەی ئەو ٢١ ساڵەدا لە گۆڕەپانی تێکۆشان دانەبڕاوە و کاریگەری بەهێزی لەئاڵوگۆڕەکانی هەرێم و ناوچەکە داناوە.

گەلی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە تینووی ئازادین و لەماوەی ئەم

٢١ ساڵەدا بێ پسانەوە لە ناو تێکۆشان و بەرخودانێکی مێژوویی‌دا بوون. میلتان و گەریلاکانی ڕێبەر ئاپۆ لەو چارەکە سەدەیەدا بەو پەڕی بوێری و لە خۆبووردەیی و خۆنەویستانە کەوتنە ناو پرۆسەکەوەو لەپێناو دەستەبەر کردنی ئازادی بە دەیان هەزار گەریلا و شەڕڤان شەهید بوون و بەهەزارانی دیکەش لە زیندانەکانی داگیرکەراندا بە بارمتە گیراون.

ئەم بڕیارداریەی گەلی کورد بە تێکۆشانی ئازادیخوازانەوە، سەرچاوەی خۆی لە فکر و رامانی ڕێبەر ئاپۆوە دەگرێت. لەهەموو قۆناغەکانی تێکۆشان خاوەن پرۆژە و ڕێنمایی بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئازادی خواز بووە. کۆی تێزەکانی لەناو هەر پێنج لە بەرگری نامەکانی دا بۆ بونیادنانی ژیانێکی ئازاد و دیمۆکراتیک بە راشکاوانە ئاماژەی پێکردووەو لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی لەناوچەکە پڕۆژەی پێشکەش مرۆڤایەتی کردووە. دوای تێپەڕبوونی ٢١ ساڵ بەسەر پیلانگێڕی نێونەتەوەیی لەدژی ڕێبەر ئاپۆ دەبینین کە بە ورەو ئیرادەیەکی بەهێزەوە پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان و چارەسەری دیمۆکراتیانە بە گوێی جیهان دەدات.

کورد لەم سەردەمەدا بە ڕێبەرایەتی ڕێبەر ئاپۆ جیاواز لە رابردوو، سیاسەتێکی عەقڵانی و لۆژیکیانەی بەڕێوە برد. گەلی کورد لەم قۆناخە چارەنووس سازەدا خاوەن هێز و ئیرادەی سیاسی، ڕێکخستنی و جەماوەری، لەشکەری و دیپلۆماتیکی خۆیانن و گەلی کورد لەپێناو دەستەبەر کردنی مافە رەواکانی لەسەرجەم ئەو گۆڕەپانانەدا تێدەکۆشێت و هەوڵ و کۆششی ڕێبەر ئاپۆش لەم قۆناغەدا دیارکەر و چارەنووس سازە.

ڕێبەر ئاپۆ کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەتا ئەمڕۆ لە ناو گۆڕەپانی شەڕ و سیاسەت دایە، ساڵ لەدوای ساڵ لەسەر پرسەکانی ئیرادەی ئازادی تاک و کۆمەڵگا، سیاسەتی دیمۆکراتیک و راستی سەرۆکایەتی و هێزی جەوهەری کۆمەڵگا و پرسی ئازادی ژن راوەستەی کردووە. ئەمەش شێوازێکی نوێی سیاسەتە کە ڕێبەر ئاپۆ پەیڕەوی کردووە. ئەو سیاسەتەی کە ڕێبەر ئاپۆ پەیڕەوی دەکات پرسی کورد و گەلانی ئازادیخوازی دیکەی خۆرهەڵاتی

ناوەڕاستی ورژاندووە و لەهەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات.

پرسی کورد لەئەمڕۆدا هەمان پرسی سەدەی ڕابردوو نییە. بەڵکو ڕێبەر ئاپۆ پرسی کوردی لە پرسی نەتەوەیەکەوە بۆ پرسێکی جیهانی گۆڕی. بۆیە ئیدی کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ٤٠ ملیۆن کورد بکات. ئیدی کورد، تورکی چیایی و تەنها گەلێکی شەڕەکەر نییە. گومان لەوەشدا نییە کە ئەمەش ڕاستینەیەکی مێژوویی هەیە کە گەلی کورد گەلێکی شەڕکەرە، قارەمان و جەنگاوەرە. بەڵام ئەوەی کە لەرابردوودا زیانی بە کورد و دۆزی کورد گەیاندووە، پەیڕەو کردنی شەڕێکی داماڵراو لەئایدئۆلۆژی و سیاسەتی دیمۆکراتیک بووە. کوردان لەناو سیستەمی داگیرکەراندا کراونەتە سەربازی داگیرکەر و یان وەک هێزی یەدەک و پاڵپشتی بۆ گەهێشتن بە ئامانجەکانیان بەکار هێنراون. واتا تیکۆشانی گەلی کورد لە ئایدۆلۆژیا و هزری ئازادیخوازی داماڵراوە.

لە لایەکی دیکە هێزە هەژمۆنگەرا جیهانیەکان چ کاتێک هەستیان بەوە کردبێت کە کوردان لەهەوڵی گەشەدانی فکری، کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی و مەدەنی یان دابێ، بە سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە، گەلی کورد و کۆمەڵگای کوردی یان پارچە کردووەو سوودیان لە پارچەکردنی کوردان وەرگرتووە. ئەمڕۆ لە ژێر سایەی ڕێنمایەکانی ڕێبەر ئاپۆ دا گەلی کورد خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی و لەشکەری لە ناوچەکەدایە. واتا هاوسەنگی هاوکێشە سیاسیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی راگرتووە.

دەوڵەت نەتەوەکانی وەک ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا سەرەڕای ئەوەی ناکۆکی قووڵی مێژوویی یان هەیە، لەبەرامبەر ئیرادەی ئازادی گەلی کورد و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد هەمیشە پاڵپشتی یەکدی بوون و لەسەر پرسی کورد یەک هەڵوێست و سیاسەتیان پەیڕەو کردووە.

ئەگەر چی لەژێر سایەی تێکۆشانی گەلی کورد و تەڤگەری ئازادیخوازی پەکەکە پرسی کورد لەئاڵوگۆڕی گەورەدایە، بەڵام هێشتا سیاسەتی بەشێک لە هێز و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی باشوور گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا نەکراوە. ئەو سیاسەتەی لەئەمڕۆدا پەیڕەوی دەکەن هیچ لەقازانجی گەلی کورددا

نییە. ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەمڕۆ وەک رابردوو شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی - یەکێتی و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردا لەئارادا نییە. ئەمە خاڵێکی باش و ئەرێنییە، چون دەرفەتی سیاسەتی دیمۆکراتیک و کرانەوەی کورد بە رووی جیهاندا خۆش دەکات. بەڵام ناکۆکی سیاسی و فکری هێز و لایەنە کوردیەکان و نەبوونی ئیرادەی سەربەخۆی ئەو هێزانە دەردی کوشندەیە بۆ گەلی کوردە. نەبوونی یەکڕیزی و یەکێتی نێومالّی کوردی بووەتە بەربەست لەبەردەم ئازادی گەلی کورد و وەک گەلێکی کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. هێشتا لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتداری دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستاندا رزگار نەبێ. رۆڵەکانی ئەم نیشتیمانە رووبەڕووی تیرۆر و لە سێدارە بنەوە.

نەبوونی یەکڕیزی و یەکێتی نێومالّی کوردی لەئەمڕۆدا هاوشێوەی شەڕی براکوژی زیانی گەورەی بە دۆزی رەوای کورد گەیاندووە. دەبێت لە ئەمڕۆدا کورد بە دەستی کورد نەکوژرێت. بەڵام کاتێک سیاسەتی بەشێکی زۆر لەهێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەبەرژەوەندی گەلی کورد دا نەبێت، بێگومان دەرفەتی داگیرکردنی کوردستان زیاتر خۆش دەکات. نزیک بوونەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، وێڕای ئەوەی لە دژی ئیرادەی گەلی باشووری کوردستانە، کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر دۆزی رەوای گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان. بێ دەنگی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەبەرامبەر دەستێوەردانی ئێران بۆ سەر باشووری کوردستان، زیانی گەورەی دەبێ بۆ سەر ئیرادەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و کاریگەری نەرێنیش دەخاتە سەر تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرجەم ئەو نەتەوانەی کە ئەمڕۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین بەدەست سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەری ئێران و تورکیا دەناڵێنن. بۆیە ئازادی و سەرکەوتنی ئەو نەتەوانە بە ئەندازەی سەرکەوتنی دۆزی رەوای گەلی کورد گرنگە.

هاوکات دەکرێت پرسی ژنان، پەیوەستی پرسی نەتەوایەتی بکرێت. ناکرێت مرۆڤ پرسی ژنان لە پرسە نەتەوەییەکان جیا بگرێتە دەست. کاتێک ژن

ئاوێنــەی کۆمەڵگاکــەی بێــت، ئــەوا تێگەهێشــتن لــە ڕەوشــی ژنانــدا ســاکارە. کێشـەو گرفتەکانـی ژنـان ڕیشـەی مێژووییـان هەیـە، بـە سـەروەربوونی زهنیەتـی دەسـەڵاتداری و پیاوسـالاری، سـەرەتا ژنـان و پاشـانیش گەنجانی کۆمەڵـگا ئیرادەیان لاواز کـراوە تـا ناسـنامەیان لـێ زەوت بکـەن.

نەتــەوەی دیمووکراتیــک و سیســتەمی کۆنفیراڵیزمــی دیمووکراتیــک، پــڕۆژە و پێشـنیاری ڕێبـەر ئاپـۆ بـۆ سـەرجەم کۆمەڵگاکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتە. ڕێبـەر ئاپـۆ بـە ڕەچاوکردنـی دۆزی گـەلان و کێشـەی ژنـان و گەنجـان و توێژەکانـی دیکەی کۆمەڵـگا پرۆژەیەکـی بـەم شـێوەیە پێشکەشـی کۆمەڵـگا دەکات. ئەگـەر مـرۆڤ لـە فکـر و ڕامانـی ڕێبـەر ئاپـۆ تێبـگات و هەسـت بـە گرنگـی پرۆژەکانـی بـکات، ئـەوا زۆر بـاش لـەوە تێـدەگات کـە بۆچـی شـەش مانگـە زیاتـر لـە ٧ هـەزار تێکۆشـەر لەنـاو چالاکـی مانگرتـن لـە خـواردن دان. زۆر بـاش لـەوە تێـدەگات کـە چالاکـی هـەزاران دایکـی کـورد بۆچـی و لـە پێنـاو چـی دایـە؟ شـەڕ و تێکۆشـانی گەریـلا بـۆ چ مەبەسـتێکە؟ دەبێـت هـەر کـەس لـەو ڕاسـتییە تێبـگات، ئەمـڕۆ گەلـی کـورد خـاوەن پـڕۆژەی ئاشـتی و ئارامـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتە و بـە ڕێبەرایەتـی ڕێبـەر ئاپـۆ ئەمـڕۆ گەلـی کـورد گەلێکـی ئاشـتیخوازە.

واتـا گەلـی کـورد لـە پێنـاو ئاشـتی و ئارامـی لـە چـوار چێـوەی پاراسـتنی ڕەوا لـە نـاو شـەڕ و تێکۆشـاندایە. گەریـلا لـە پێنـاو ژیانێکـی ئـازاد دا لەنـاو شـەڕ و چالاکـی دان، زیندانیانـی سیاسـی بـە پێشـەنگایەتی لەیلا گۆڤـەن و نـاسر یاگـز لـە پێنـاو ئاشـتی و ئارامـی لەنـاو چالاکـی مانگرتـن لـە خـواردن دان. زیاتـر لـە ٣٠ شۆڕشـگێر کەوتوونەتـە چالاکـی ڕۆژی مردنـەوە. ئـەم چالاکیانـە گەواهـی دەری ئـەو ڕاسـتیەن کـە ڕێبـەر ئاپـۆ ئیـرادەی هەمـوو گەلانـی ئازادیخـوازە. لەبـەر ئەوەیـە بـەم شـێوەیە ئازادیخـوازان خاوەنداریتـی لـە ڕێبـەر ئاپـۆ دەکـەن.

# شەهید فەلسەفەی ژیانی ئازادە

## بۆ بیرەوەری هەڤاڵ بێستوون

مرۆڤـە شۆڕشـگێڕەکان ئـەو کەسـانەن کـە لەنـاو جەرگـەی سیسـتەمی مۆدێڕنیتـەی سـەرمایەداری جیهانیـدا، یاخیتریـن و بوێرتریـن مرۆڤـن. لەنـاو گێـژاوی سیسـتەمی مۆدێڕنیتـەی سـەرمایەداری کە مرۆڤـەکان نوقمی نائۆمێدی و نامـورادی کـراون، ئومێدەوارتریـن مرۆڤـەکان ئـەو کەسـانەن کـە دوێنـێ و ئەمـڕۆ شۆڕشـگێڕن یـان لـە داهاتـوو دەبنـە شۆڕشـگێڕ. مرۆڤـەکان وەک شۆڕشـگێڕ لـە دایـک نابـن و چـاو بـە دونیـا هەڵنایەنـن، بەڵکـوو لەجەرگـەی بەرپـا کردنـی شـۆڕش لـە کۆمەڵگایـەک دا، مرۆڤـەکان بـە پێـی هەسـت و نەسـتی شۆڕشـگێڕی شـکڵ پـێ دەن. لەنـاو ژیانـی سیسـتەمی مۆدێڕنیتـەی سـەرمایەداری کـە باڵـی بە سـەر جیهاندا کێشـاوە، ئـەو مرۆڤانەی کە تێکۆشـان بـۆ بونیادنانـی سۆسـیالیزم دەکـەن، ڕێژەیەکـی زۆر کەمـن. چونکـە لـە ئێسـتادا سۆسـیالیزم پێویسـتی بـە ئایدۆلۆژیایەکـی نـوێ و فەلسـەفەیەکی بنچینەیـی هەیـە، بۆیـە هەڵکەوتنـی شۆڕشـگێڕانی سۆسـیالیزم بـە نـرخ و هێژایـە.

بـاس لـە بیـرەوەرەی هەڤاڵێـک دەکـەم کـە بـە ئامانجـی گـەورەی شۆڕشـگێڕییەوە بەشـداری نـاو ریزەکانـی تەڤگـەری ئـازادی کوردسـتان بـووە. هەڤـاڵ بێسـتوون یەکێـک لـەو هەڤاڵانەمـان بـوو کـە بـە ئامانجی بونیادنانـی کۆمەڵگایەکـی سۆسیالیسـتی و دیمۆکراتیـک و ژیانێکـی ئـازاد بەشـداری نـاو ریزەکانـی تێکۆشـان ببـوو. دوای بڵاوبوونـەوەی فەلسـەفەی ئاپۆئیـزم لـە کوردسـتانی گـەورەو ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و جیهانـدا، مرۆڤـەکان بـە لێشـاو ڕوو لەریزەکانـی تێکۆشـان دەکـەن و خۆیـان لـە ئامێـزی شۆڕشـی دیمۆکراتیـک و نەتەوەیـی کـورد دا دەگرنـەوە. بەشـداربوونەکان جۆراوجـۆرن، بـەڵام ڕاسـترین

و بەواتاترین بەشداربوون ئەو بەشداربوونەیە کە بە ئامانجی تێکشکاندنی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و کوشتنی خیانەتکاران و ساڕێژکردنی برینەکانی گەل پێکدێت.

هەڤاڵ بێستوون بە خەیاڵ و ئامانجێکی گەورە و بە شێوازێکی ڕاست بەشداری ناو ریزەکانی تێکۆشان بوو، بەو بۆنەش ئەنجامێکی گەورەی بە دەست هێنا. هەڤاڵ بێستوونم لە ئەکادیمیایەکی تەڤگەر ناسی. پەروەردەی ناو ڕێکخستن خۆی لە خۆیدا بۆ ناسینی خودی مرۆڤەکانە، لەبەر ئەوەیە ناسینی هەرڤاڵێک لە پەروەردەکاندا بە نرخ و بە واتایە. من لە کەسایەتی هەڤاڵ بێستووندا زیاتر ئاشنای کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووم. ئاستی هۆشیاری هەڤاڵ بێستوون یارمەتی دەربوو کە زیاتر لە سیستەمی داگیرکەری ئێران تێبگەم. لە ناو ریزی تێکۆشاندا زۆر بە دەگمەن باس لەو هەڤاڵانەمان دەکەین کە هێشتا لە ژیاندان، بەڵام هەڤاڵ بێستوون یەکێک لەو هەڤاڵانەمان بوو کە هەمیشە شۆڕشگێڕێکی نموونەیی بۆ ئێمە بوو. لە زۆرشوێن هەڤالان، هەڤاڵ بێستوونیان بە هەڤاڵێکی دڵسۆز و فیداکار و تێگەیشتوو بە نموونە دەهێنایەوە. مرۆڤ لەلای هەڤاڵ بێستوون زۆر بە نرخ و بە واتا بوو. لە بەر ئەوە بوو کە هەڤاڵ بێستوون هەڤاڵێتی یەکی واتادار و شکۆداری لەگەڵ هەڤاڵانیدا دەکرد. هەڤاڵ بێستوون یەک لەو هەڤاڵە بێ وێنانە بوو کە زۆرترین کاتی ژیانی، بۆ تێگەیشتن لەسەر هزر و ڕامانی ڕێبەر ئاپۆ تەرخان دەکرد. هەمیشە کاتێک کە گوتنێکی سەرۆکی دەخوێندەوە یان بەرگوێی دەکەوت، ئەو گوتنەی ناو هەڤاڵاندا دەخستە موناقشەوە و تا ئەنجامێکی لەو موناقشانە وەرنەگرتایە کۆڵی نەدەدا.

هەڤاڵ بێستوون لە چۆنیەتی ئیقناع کردنی مرۆڤەکاندا، لێزان و هەروەها لە ئاستێکی بەرزیشدا کۆڵنەدەر بوو. زۆر بە سەبر و تاقەتەوە هەوڵی شکاندنی قاڵبی کەسایەتیەکانی دەدا و قسەی لەگەڵ دەکردن. تایبەتمەندیەکی تری هەڤاڵ بێستوون ئەوە بوو کە سەرجەم نرخەکانی شۆڕشی بە نرخ و پیرۆز دەبینی. چونکە لەبەرامبەر هەر شتێکی ناو ژیان، هەڵسووکەوتێکی پڕ بە واتا و بە

ناوەڕۆکی هەبوو. گومانم لەوەدا نییە کە لە ژیانی ناو کۆمەڵگاشدا هێژاترین مرۆڤ بووبێت. ئاستی تێگەهێشتن و رۆشنبیری ئەوەندە بەرزبوو کە داهاتووی دەخوێندەوە. لەسەرجەم ئەو کۆبوونەوانەی کە پێکەوە بەشداربووین، هەمیشە تێڕوانینەکانی لەگەڵ تێڕوانینی هەڤالان جیاواز بوون. لەیادمە جارێک لە کۆبوونەوەی مانگانەدا بووین، کۆبوونەوە بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، کاتێک هەستی بەوە کرد هەندێک چەمکی هەڵە بەسەر رێکخستن دەسەپێنرێت، ئیزنی قسەکردنی وەرگرت و راشکاوانە و بە کورتی بۆ چوونی خۆی دەربڕی و قسەکانی هەژاندنێکی لەمندا درووستکرد. سەرجەم قسەکانیم بە گشتی لە یاد نەماوە، بەڵام ئەوەندەم لەیادە کە لە سەر کەم و کورتیەکانی ناو رێکخستن راوەستەی کرد و وتی :" بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئەرکەی خراوەتە سەر شانمان و بە سەرکەوتوویی پێکی بێنین، دەبێت رێکخستنەکانمان بە پتەوی رێکبخەین، چون کاتێک رێکخستن رێکنەخراو بێت، پارتیش رێک نەخراو دەبێت، ئەگەر هەر هەڤاڵێک بە ئەرکی خۆی رانەپەڕێت و رێکخستنەکان باش رێکنەخەینەوە، ئەوا ناتوانین گۆڕانکاری گەورە لەم سەردەمە هەستیارەدا دروست بکەین و سەرکەوتن مسۆگەر بکەین.

ئەگەر سەرکەوتنێکی مایندە دەستەبەر نەکەین، هەرگیز ناتوانین رێگری لەو سیستەمە بکەین کە رۆژانە کوردان هەڵدەقوڕێنن و کۆمەڵکوژیان دەکات. لەو رووەوە کەموو کورتی زۆرمان هەیە کە پێویستە بە جدی راوەستەی لەسەر بکەین. ئەگەر خۆمان بەهێز و بە ئیرادە نەکەین، ناتوانین ئەو دەستانەی کە رۆژانە دەستدرێژی دەکەنە سەر خاک، گەل و نرخە پیرۆزەکانمان ببڕین". ئەو قسانەی هەڤال بێستوون بەخۆداچوونەوەی لە ناوماندا دروست کرد.

دەمەوێت بە کورتی باس لە جەسارەتی بەجەرگی هەڤاڵ بێستوون بکەم. ساڵی ٢٠١٥ی زاینی بوو کە پێڤاژۆی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورک دەستی پێکرد، شەوی یەکەمی بۆردومانەکان بوو. زۆربەی یەکینەی ئێمە هەڤاڵی نوێ بوون و تا ئەو کاتە ئەزموونی هێرشی هەوایی مان نەبوو. هەرچەندە کە بە شێوەی تیۆری سەبارەت بە چۆنیەتی شەڕ و خۆپاراستنی

شـەڕی هەوایـی پەروەردەمـان بینیبـوو، بـەڵام تا ئـەو کاتە بـە کـردەوە نەمانکردبوو. ئـەوەش ترسـێکی لەناخـی ئێمـەدا درووسـت کردبـوو کـە چـۆن مـرۆڤ دەتوانێـت لـە بەرامبـەر فڕۆکـەی جەنگـی شـەڕ بـکات. هێشـتا کاتژمێرێـک بـوو کەفڕۆکـە جەنگیـەکان بـە خەسـتی هەرێمەکەیـان بۆردومـان دەکـرد لـەو کاتـەدا هەڤـاڵ بێسـتوون خـۆی گەیانـدە لامـان و پرسـیاری لێکـردم و وتـی: "هەڤـاڵ گیـان ئێسـتا هەسـت بـە چ دەکەیـت". منیـش بـە بڕێـک ترسـەوە وتـم هەڤـاڵ هەسـتی شـەڕ هەسـتێکی خۆشـەو مردنیـش قـەدەرەو دیـار نییـە کـەی دێتـە پێشـمان. هەڤـاڵ بێسـتوون بـە جـۆش و خـرۆش و پێکەنینـەوە وتـی :" هەسـتە هـەواڵ گیـان بـا بڕۆیـن، بزانیـن رەوشـی هەڤاڵانـی ترمـان چۆنـە، چـون مـردن قـەدەری ئێمـە نییە". بۆردومانـی فڕۆکـە جەنگیەکانـی دەوڵەتی فاشیسـتی تورکیـا چەند کاتژمێـری خایاند و لـەو کەشـە ترسـناکەدا لەگـەڵ هەڤـاڵ بێسـتوون چووینـە لای هەڤاڵانـی تـر، هەڤـاڵ بێسـتوون بـەو پـەڕی مـوراڵ و جۆشـەوە، گۆرانـی بـۆ یەکینەکانـی دەوت و هێـز و مۆڕاڵـی بـە هەڤـاڵان دەبەخشـی.

"ئەگـەر عەزابـی ویـژدان نەبوایـە، ئەگـەر ئێـش و ئـازاری گـەل لـە نـاو دڵـێ منـدا لێـی نەدایـە، بـۆ سـاتێکیش لـە شـاخ دوورنەدەکەوتمـەوە"، ئەمـە قسـەی هەڤـاڵ بێسـتوون بـوو کـە لەدواییـن شـەودا بەمنـی وت. مـن بـێ ئاگابـووم لـەوەی کـە هەڤـاڵ بێسـتوون پێشـنیاری چوونـی بـۆ شـەنگاڵ کردبێـت. دواتـر هەڤـاڵان پێیـان وتـم کـە هەڤـاڵ بێسـتوون پێشـنیاری چوونـی بـۆ شـەنگاڵ کـردووە و لەسـەر چوونیـش بـۆ شـەنگاڵ پێداگـرە، تـا وەک گەریلایەکـی رێـگای ئـازادی پاراسـتنی گەلـی شـەنگاڵ بـکات.

هێشـتا پەروەردەمـان کۆتایـی پـێ نەهاتبـوو، لەئەکادیمیاکەمانـدا ٣ هەڤـاڵ هەڵبژێـردران کـە پێویسـت بـوو بـۆ کارێکـی بـە پەلە بچـن. لە نـاو ئـەو هەڤاڵانەدا، هەڤـاڵ بێسـتونیش هەبـوو. هەڤـاڵان بـەو شـێوەیە خاتریان لێ خواسـتین کـە گوایا لەماوەیەکـی کـورت دەگەڕنـەوە لامـان. کاتێـک هەڤـاڵ بێسـتونم لـە ئامێزگرت پێـی وتـم:" هەڤـاڵ ئـەو ئێـش و ئـازارەی کـە لـە نـاو رۆح و ویژدانماندایـە، سـەرکەوتن مسـۆگەر دەکات". دوای ئەوەی پەیمانی سـەرکەوتنمان بەیەکتری دا، هەڤاڵان بەرەو

ئامانجی مـەزن بـەڕێ کەوتـن. دوای تێپەڕبوونـی سـاڵێک هەڤـاڵان شـەهیدبوونی هەڤـاڵ بێسـتوون یـان پـێ وتـم. بیسـتنی هەواڵـی شـەهید بوونـی ناخمـی هەژاند، چـون هەڤـاڵ بێسـتوون فەرمانـدارم بـوو. هـەر شـت لـەوەوە فێربـوو بـووم. لەبـەر ئـەوەی شـەهید بوونـی هەڤـاڵ بێسـتوون چەنـد ڕۆژێـک مـات و ڵاڵـی کـردم.
مرۆڤـی لەژیانـی خۆیـدا ئەگـەر هەندێـک سـات بـە سـەر هەسـت و نەسـتی خۆیدا زاڵ نەبێـت، دەکەوێتـە نـاو هەڵـەی گـەورەی مێژوویـیـەوە، تایبـەت هەسـتیاربوون بـۆ شۆڕشـگێڕێک مردنـە. مـن تـا ئێسـتا هەسـت بـە نەبـوون یـان لـە دەسـتدانی هەڤـاڵ بێسـتوون ناکـەم. ئەگـەر چی بـۆ ماوەیەکیش بێ مـوڕاڵ بووبێتم، هەمیشـە بیرەوەریەکانـی هەڤـاڵ بێسـتوونم دێتـەوە یـاد. شـەهید بوونـی هـەر هەڤاڵێـک بە ورەترمـان دەکات و بـۆ گەهێشـتن بـە سـەرکەوتن پێداگـری زیاتـر بکەیـن.
شـەهیدبوون، فەلسـەفەی خوڵقاندنـی ئازادییە، بۆیـە پێش مەرگ کەوتـن پیرۆزترین بەهایـە. بـەو چەشـنەیە کـە لەکاروانی عەشـقێکی بێ سـنووری دا، شـەهیدان گوڵی سـەر ڕێـگای ئازادین.
٢٠١٨-٦-١

# بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلەکەمان

## مەڵبەندی خەباتمان بەهێزتر دەکات

لەسەرەتا سەرجەم ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لەم قۆناخە هەستیارەدا لەدژی داگیرکەری و فاشیزم تێدەکۆشن بە دڵ و گیان سڵاو دەکەم. رای گشتی ئاگادارە کە ماوەی شەش مانگە چالاکی مانگرتن لە خواردنی ٧ هەزار زیندانی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بۆ تێکشکاندنی گۆشەگیری سەر رێبەر ئاپۆ و رووخانی فاشیزم و ئازاد کردنی کوردستان لەچالاکییەکی بە نرخ و مێژوویدان. ئەو چالاکیە بە پێشەنگایەتی ژنە بەرخۆدێری گەلەکەمان لەیلا گۆڤەن لەقووڵایی زیندانەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورک دەستی پێکرد و دوابە دوای ئەوەش، تێکۆشەران و ئازادیخوازانی دیکە پەیوەستی ئەو چالاکییە مێژووییە بوون. لە باشووری کوردستان هەڤاڵان ناسر یاغز و هەرێم مەحموود و فادیلە تۆک پێشەنگایەتی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕ دەکەن. لە ئەوروپاش بە پێشەنگایەتی ١٤ هەڤاڵی خۆڕاگری گەلەکەمان لەشاری ستراسبۆرگ لەریزی تێکۆشاندان. لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگایەتی ژنە شۆڕشگێڕی کورد زەینەب جەلالیان و هەڤاڵانی لەناو زیندانە تاریکەکانی رژێمی داگیرکەری ئێران بەرخودان دەکەن. لە رۆژئاوای کوردستانیش گەلەکەمان بە پێشەنگایەتی گەلی عەفرین لە سەر پێیە و رۆژانە چالاکی بوێرانە لە بەرامبەر داگیرکەری دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بەڕێوە دەبەن. هاوشانی بەرخۆدانی گەلەکەمان، گەریلاکانی کوردستان بە درێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەناو شەڕێکی قورس و چارەنووس سازدان.

لەم قۆناخەدا تێکۆشانی گەلەکەمان وزە و ئیرادە بەخشە. کاتێک هەواڵی

بەرخۆدانـەکان دەگاتـە گوێـمان زیاتـر هێـز دەگرین و بە مـۆڕاڵ دەبین. لە ئێسـتاوە مـرۆڤ دەتوانێـت جەخـت لـەوە بـکات کـە ئامانجـی ڕێبـەر ئاپـۆ بـۆ بونیادنانـی کۆمەڵگایەکـی ئـازاد و دیمۆکراتیـک، هاتوەتـە دی. ئـەوەش دەرئەنجامـی ڕەنـج و تێکۆشـانی بـێ پسـانەوەی ڕێبـەر ئاپۆیـە کـە گەلەکەمانـی لـە هـەر چوارپارچـەی کوردسـتان و دەرەوەی وڵات هۆشـیار و ڕێکخسـتووە. سـەرجەم هـەوڵ و تەقـەلای ڕێبـەر ئاپـۆ بـۆ ئەوەبـوو کـە تـاک و کۆمەڵـگا لەسیسـتەمی کۆیلـەداری ڕزگار بکات. ئەمـڕۆ جێـگای سـەربەرزی و شـانازییە کـە منـداڵان، گەنجـان، ژنـان، دایـکان و باوکانـی کـورد لەگۆڕەپانی سیاسـەتی دیمۆکراتیکـدا بوێرانە لەتێکۆشـاندان و لەپێناو دەسـتەبەرکردنی ئـازادی قوربانـی دەدەن. ئاسـتی هۆشـیاری، تێگەهێشـتین و تێکۆشـانی بـێ پسـانەوەی گەلەکەمـان سیاسـەتی داگیرکەرانی کوردسـتانی پووچەڵ کردوەتـەوە.

یەکێتـی و یـەک هەڵوێسـتی و یەکڕیـزی گەلەکەمـان ئیـرادەی پۆڵاینـمان پتەوتـر و بەهێزتـر دەکات. کاتێـک دەبینیـن و دەبیسـتین هەڵوێسـتی نیشـتمان پـەروەری لەکـەلار و ئامـەد یەکێکـە، بەرخۆدانـی سـنە و قامیشـلۆ یـەک بەرخودانە، سـەربەرز و بەختەوەریـن و ئـەو ڕەوتـە هێـز و ئیرادەمـان تۆخـتر دەکات. کاتێـک گەلەکەمـان گەریـلا ئاسـا سـنوورەکانیان لەزێهنـدا سـڕیوەتەوە و سـەر چۆپـی بەرخودانـی شۆڕشـی ئـازادی کوردسـتان دەشـەکێننەوە، هیـوای ئـازادی لەکوردسـتان گەشـاوە دەبـێ. ئێمـەش لـەلای خۆمانـەوە سـەرجەم گەلەکەمـان دڵنیـا دەکەینـەوە کـە تێکۆشـانیان، سـەنگەری بەرخۆدانمـان قایمـتر و پتەوتـر دەکات.

ڕێبـەر ئاپـۆ ٢١ سـاڵە لـە زیندانـی دەوڵەتـی فاشیسـتی تورکیـا بـە بارمتـە گیـراوە. ئێسـتاکە تەمەنـی مـن ٢٥ سـاڵە، واتـا کاتێـک چـوار سـاڵان بـووم ڕێبـەر ئاپـۆ بـە گەلەکۆمـەی نێونەتەوەیـی ڕفێنـدراوە. تێکۆشـانی نەبەزانـەی ڕێبـەر ئاپـۆ ژیانـی ٢١ سـاڵەی منـی سـەراوژێر کـرد و ئێسـتاش گەریـلام. دەبـێ هـەر تاکێکـی بـە ویژدانـی کۆمەڵـگاش بیـر لـەو مەرگەسـاتە بکاتـەوە و قسـەی ناخـی خـۆی بخاتـە سـەر لاپەڕەکانـی مێـژوو. داخـۆ لـە کۆمەڵـگای کوردسـتاندا کـێ هەبێـت لەمـاوەی ئـەو ٢١ سـاڵەدا هێـز و ورەی لەبەرخۆدانـی مێژوویـی ڕێبـەر ئاپـۆ وەرنەگرتبێـت؟ لـەو

ماوەیەدا بە دۆست و دوژمنەوە کێ هەیە کە هێز و باوەڕی لێ وەرنەگرتبێت؟ ئەگەر ئەمڕۆ پۆل پۆل لە کچان و کوڕانی کوردستان بەشداری ڕیزەکانی گەریلا دەبن و لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان چەک لەشان دەنێن، سەرچاوەی خۆی لەتێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆ دەگرێ کە فێری بوێری، چاو نەترسی، نیشتمان پەروەری و چۆن بژینی کردووین. ئەگەر ئەمڕۆ منداڵی کورد لەدژی داگیرکەران داخ لەدڵن و بە رق و تووڕەییەوە فەلسەفە و رامانی ڕێبەر ئاپۆیە کە توخمی تۆڵەو رقی لە ناو دڵی منداڵانی کوردستان چاندووە. ئەگەر ئەمڕۆ دایکانمان لە گۆڕەپانەکانی بەرخۆدان و تێکۆشاندان، لەسایەی تیشکی فکری ڕێبەر ئاپۆیە. نەیارانی گەلەکەشمان ئەگەر ئەمڕۆ خاوەن هێزن، پارە و سامانیان وەدەستەوەیە، بەو چەشنە لەسەر رەنجی ڕێبەر ئاپۆ و خوێنی شەهیدانە کە بە دەستیان هێناوە. کەواتە سەرجەم گەلی وڵاتپارێزی کوردستان و تەنانەت خۆفرۆش و خیانەتکارە ناوخۆیەکانی کوردستان هەر یەک بە شێوازێک هێز لە ڕێبەر ئاپۆ وەردەگرن.

بە پوختی و بە باشی فێربووین کە بڵێین بە بێ سەرۆک ژیان نابێت. وتەکانم بەرەورووی گەلی وڵاتی پارێزی کوردستانە. ٢١ ساڵە دەڵێین: "بێ سەرۆک ژیان نابێت"، دەڵێن: "بە گیان، بەخوێن لەگەڵتاین ئەی سەرۆک". باشە با لەخۆمان بپرسین ئەو دروشمانەی کە بۆ سەرۆک ئاپۆ دەیڵێینەوە، تا چ رادە لەلامان جێگای پەسەندە. ئێستا لە قۆناخی شۆڕشداین، بۆیە پێویستمان بە رەخنەو ڕەخنەدایین هەیە. لەماوەی ٢١ ساڵدا چەند جار بەشداریمان لە چالاکی بۆ ئازادی سەرۆک ئاپۆ کردووە؟ چەند جار رامانی ڕێبەر ئاپۆمان خوێندووەتەوە؟ چ کار و خەباتێکمان بۆ ئازادی ڕێبەر ئاپۆ ئەنجام داوە؟ لەم ماوەدا چەندە خۆمان بە ڕێکخستن کردووە؟ چەندێک فیداکاریمان کردووە؟ ئەم چەند پرسیارە تەنیا رەخنەکردن نییە، بەڵکوو لەهەمان کاتدا بۆ خۆشم ڕەخنەدانە.

با پرسیار لە خۆمان بکەین کە چالاکی زیندان بۆچی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت و چالاکیەکانی سەرشەقام لە ئاستی چالاکی زینداندا نین؟

با پرسیار بکەین کە هۆکار چییە ئەمڕۆ دایکانمان بە تەمەنی زۆر و سەری

چەرمـووەوە لـەدژی داگیرکـەران دەوەسـتنەوە، کەچـی گەنجـان ماتـن و دەنگیـان نابیسـترێت و زمانـی چالاکییـان کارا ناکـەن؟!

ئـەم قۆناخـە کاتـی بانگهێشـت و بانگـەوازی کـردن لەکـەس نییـە. ئەگـەر سـەیری چالاکوانـان بکەیـن، دەبینیـن کـە لەرۆخسـاریان هێـز و ئیـرادە و هیـوای ژیانێکـی ئـازاد دەدرەوشـێتەوە. تەنیـا چالاکـی دایکانمـان بەسـە کـە هەسـت و ویژدانمـان بجوولێنێـت. تەنیـا ئـەو قسـەی لەیـلا گوڤـەن کـە دەڵێـت: "بـێ دەنگـی گەلەکـەم مـن دەکوژێـت" بەسـە بـۆ ئـەوەی هەسـت و ویژدانمـان بجوولێـت. لـە کاتێکـدا خۆمـان خـاوەن هێـز و ئیرادەیـن، بۆچـی دەبێت چـاو لەدەسـتی دەوڵەتـەکان بین؟ بۆچـی دەبێـت چاومـان لەبەزەیـی و خێرخـوازی سـی پـی تـی و دەزگاکانـی تـری مافـی مـرۆڤ بێـت؟ رێبـەر ئاپـۆ دەڵێـت: "لـە تێکۆشـانی گەلەکـەم هێـز دەگـرم" کەواتـە بـۆ دەبێـت ئێمـە لە تێکۆشـانی یەکـدی هێز نەگریـن؟ لەکاتێکدا کە فاشـیزم بـە ناچـاری پەنـا بـۆ ئیمرالـی دەبـات، بـۆ دەبێت ئێمـەش هـەر چاوەڕێی ئـەوە بین کـە بەشـکەم سـەردانێکی دیکـەی پارێـزەران بـۆ لای رێبـەر ئاپـۆ درووسـت بێـت؟ هێشـتا شـەڕمان دەسـت پێنەکـردووە، بانگـەوازی ئاشـتی دەکرێـت، هەرکـەس لەسـەر پەیامـی ئیمرالـی قسـە دەکات. پێویسـتە پەیامـی رێبـەر ئاپـۆ بـە باشـی تێبگەیـن. رێبـەر ئاپـۆ ئامـاژە بـە قۆناغـی ۲۰۱۳ دەکات و بێگومان ئـەوەش داخوازی روونـی گەلەکەمانـە. پێویسـتە هـەر کـەس خوێندنـەوەی بەم شـێوە بێت کـە گەلی کـورد شـەڕی دەسـت پێنەکـردووە، بەڵکـوو دەوڵەتانـی داگیرکـەری کوردسـتانن کـە شـەڕ بـە گەلـی کـورد دەفرۆشـن و نیشـتمانمان داگیـر دەکـەن و دەیانەوێـت لـە زێـدی بـاو و باپیرانمـان وەدەرمـان نێـن.

دەوڵەتـی داگیرکـەری تورکیـا دوای نەورۆزی ۲۰۱۳ گۆشـەگیری توندی خسـتە سـەر رێبـەر ئاپـۆ و بـە ئامانجـی قڕکـردن، شـەڕی لـەدژی گەلـی کـورد دەسـپێکرد. لای هـەر کـەس روونـە کـە گەلـی کـورد گەلێکـی ئاشـتی خـوازە. بـەڵام ئـەوەش ئاشـتی خـوازی نییـە کـە داگیرکـەران وڵاتمـان داگیـر و بـە تـاڵان ببـەن و ئێمـەش بـێ دەنـگ و لاڵ بیـن. کوردسـتان؛ نیشـتمان، مـاڵ و زێـدی ئێمەیـە، ژیانـی تێـدا دەکەیـن، دەیکێڵیـن و دەیچێنیـن، بـەو شـێوەیەش لەهـەر جـۆرە هێرشـی چەقـەڵ و گـورگ

سـفەتەکان دەپارێزیـن.

دەبێـت هەرکـەس بزانێـت تێکشـکاندنی گۆشـەگیری سـەر رێبـەر ئاپـۆ بـە چالاکـی دیمۆکراتیانـەی گـەلان دەسـتەبەر دەبـێ. بـا هـەر کـەس بزانێـت تەنیـا تێکۆشـانی نەبەزانـەی ئێمـە دەتوانێـت جەسـتەی رێبـەر ئاپـۆ لـە زینـدانـدا ئـازاد بـکات. بۆیـە دەبێـت هەتـا کۆتاییهێنـان، پێداگـری لەداخوازیەکانمـان بکەیـن و بـە رۆحێکـی فەداییانـە لـە گۆڕەپانەکانـی خەباتـدا بیـن.

لـە کۆتایـی دا دەڵێـم بـا چیـدی بانگـەوازی لـە کـەس نەکەیـن، چونکـە هـەر کـەس لـە رێـگای ئازادیـدا هێـزە، هـەر کـەس دەتوانێت بەشـدار بێـت. ئەگەر بـە رۆحێکی فیداکاریـەوە بەشـداری ئـەم قۆناخـە ببیـن، ئـەوا ئازادیمان مسـۆگەرە. ئەگەر پشـت بـە هێـزی گەوهـەری خۆمـان ببەسـتین ئـەوا دەگەینـە لووتکـەی سـەرکەوتن. ئەگـەر ئومێدمـان بـە شـکاندنی دیوارەکانـی زینـدان هەبێـت، ئـەوا لەگـەڵ رێبـەر ئاپـۆ و سـەرجەم زیندانیەکانـی دیکـە لـە دەوری یەکـتر کۆدەبینـەوە. هـەر بۆیـە جارێکـی تـر بـە دڵ و گیانـی شۆڕشـگێڕانەوە سـڵاوی خـۆم ئاراسـتەی تێکۆشـانی گەلەکـەم دەکـەم. هەروەهـا بەرخۆدانـی هەڤـاڵ لەیـلا و هەڤـاڵ نـاسر و دایکانـی بەرخودێـر سـڵاو دەکـەم و دەسـتی یـەک بە یەکەیـان مـاچ دەکـەم. وەک رۆڵەیەکی جگەرگۆشـەی خۆیـان پەیمانمـان جارێکـی دیکە لەبەرامبەریـان دووپـات دەکەینەوە کـە ئـەو دەسـتە زاڵمـەی کـە ئەمـڕۆ لەسـەریان بـەرز دەکرێتـەوە، لـەکات و رۆژی خۆیـدا ئـەو دەسـتانە دەشـکێنین و تۆڵـەی مێژوویـی یـان لـێ دەکەینـەوە.

# لەئێـــــران

## بڕیاری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی پێویستە

ئەمڕۆ جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. سیستەمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهان لە قەیرانێکی قووڵ دایە، ئەوەش دەبینین کە ئەو قەیرانانە بوون بە بەڵا بەسەر دەوڵەتەکانەوە. ئەو قەیران و گێژاوەی کە بەرۆکی دەوڵەت بە گشتی و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت، گرتوەتەوە و مرۆڤایەتی لە چارەسەر کردنی ئەو ئاڵۆزیانە، بێ هیوا کردووە. هەموو گەلان، هێز و لایەنە سیاسیەکان، ئایدیا جیاوازەکان، چەپ و لیبراڵ و سۆسیالیستەکان، دەوڵەت نەتەوەکان لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدان، هەر بۆیە ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ رووبەڕووی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش بووەتەوە، بەدەر نییە لەو ئاڵۆزیانەی کە لە ناوچەکە و جیهاندا هەیە. بێ چارەبوونی دەوڵەت لەم دۆخەدا دەبێتە هۆکار کە هەوڵدان بۆ چارەسەری، ببێتە ئەرکی تاک بە تاکی کۆمەڵگا. لە کاتێکی وەک ئێستادا کە دەمامکی دەوڵەت دەکەوێت و زیاتر رووی راستی دەسەڵاتداران ئاشکرا دەبێت، هەر بەو چەشنەش راستی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران، لە دۆخێکی بەم رەنگەدا زیاتر زەق دەبێتەوە، کە تا چەند دەتوانێت کێشەو قەیران و ئاڵۆزیەکان چارەسەر بکات؟ هەندێک دەخوازن لە رێگای دەوڵەت - نەتەوە، هەندێکی تر لە رێگای بە سیاسی کردنی ئاینەوە، هەندێک گرووپیش دەخوازن لە رێگای مۆدێلی لیبراڵیسمەوە، پرسەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن. ئاشکرایە کە هەموو ئەم تێزانە خۆیان بە چارەسەرکەری کێشەکان بەناو دەکەن و ئەوەش دیارە کە هەموو هەوڵدانەکانیان لەو چوارچێوەیەدا

دەسووڕێتەوە. لێرەدا گومان و پرسی ئەوە دێتە پێشەوە کە ئایا ئەم هێز و گرووپانە دەتوانن کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن یان نا؟ توانایان چەندە بۆ شرۆڤەیەکی راست لە رووداوەکان؟
لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، مومکین نییە هیچ کام لە رێگە چارەکانی؛ دەوڵەت - نەتەوە، روانگەی ئایین و مەزهەب، یان ئایدیای لیبراڵ و نیۆلیبراڵ، تەنانەت سۆسیالیست و چەپەکانیش، توانای چارەسەرکردنی ئەم قەیران و ئاڵۆزیانەی نییە، بۆچی؟ چونکە هەر یەک لەم فکر و ئایدۆلۆژیانە تا ئاستێکی نزم یان لە چوارچێوەیەک دا توانای شیکاری بۆ کێشەکانیان هەیە، هیچ سیستەمێکیان توانای شیکاری گشتگیر و هەمە لایەنەیان بۆ کێشەکان نییە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەم سیستەمانە یان دژ بەیەکترن یان خاڵی هاوبەشیان لاوازە، هەروەها مەودای بەیەک گەیشتنیان لەیەکدی زۆر دوورە، لەبەر ئەوە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیکاریەکی هەمەلایەنەی سیستەمەکانی دەوێت کە بە فۆرمێک رووبەڕووی ئەم قەیرانانە ببێتەوە. لێرەدا تێزی رێبەر ئۆجالان کە رێبەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆرهەڵاتی ناوینە، شایستەی ئەوەی هەیە کە ببێتە بنەما بۆ چارەسەر کردنی قەیران و ئاڵۆزیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر رکێفی دەوڵەتانی داگیرکەر دان. تێزی رێبەر ئۆجالان کە کۆتێزی هەموو تێز و دژە تێزەکانە، دەتوانێت وەڵامدەرەوەی هەموو ئەم قەیرانانە بێت. ئەو تێزەی رێبەر ئۆجالان کە سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکە، دەتوانێت هەموو گەلانی جیاواز، چاند و کولتوری جیاواز، ئایین و باوەڕییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، لە ئامێز بگرێت و ڕەنگی هەر فۆرمێکی جیاواز لە ناو رەنگینی کۆمەڵگادا بمێنێتەوە. ئەم سیستەمە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش دەداتەوە کە، ئایا کۆمەڵگا دەتوانێت بەبێ دەوڵەت خۆی بەڕێوەببات و کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات؟ مرۆڤایەتی لە ژیانێکی دوور و درێژی خۆی دا توانیویەتی بەبێ بوونی دەوڵەت، خۆی بەڕێوە ببات. بۆچی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەوڵەت بووە بە سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵگا؟ ئایا کۆمەڵگاکان بەبێ دەوڵەت ناژین؟ ئەگەر سەیری مێژووە

نوسراوەکان بکەین دەبینین کە دەوڵەتان هەرچەندە لە رووخساردا گۆڕانکاریان ئەنجام داوە و مۆدێلی جیاجیایان دروستکردووە، بەڵام ڕووبەڕووی هەمان قەیران بوونەتەوە و نەیان توانیوە چارەسەریەک بۆ قەیران و داخوازیەکانی کۆمەڵگا بدۆزنەوە. نەک تەنیا نەیان توانیوە وەڵامدەرەوە بن، بەڵکوو لە سایەی دەوڵەت دا پرسەکانی تاک و کۆمەڵگا، سیستەم، ژینگە، ڕەگەز و چینایەتی، ئابووری، نەتەوە، ئاین، بەرەو هەڵدێر بردراوە و ئەو کێشانە رۆژ لە دوای رۆژ گەورەتر و بەرفراوانتر بوون.

پارادیگما و جیهان بینی ڕێبەر ئۆجالان کە تێزێکی نوێیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسانە، شیاوترین و گونجاوترین سیستەمی بەرێوەبردنی کۆمەڵگایە، چونکە سەرچاوەی ئەم تێزە هەر خودی کۆمەڵگا بۆ خۆیەتی. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای سرووشتی کە کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و سیاسی بوو، هەموو ئازادیەکان بە پرەنسیپی ئەخلاقی پەرژین کرابوون، لە ئێستادا کە کۆمەڵگا بێ ئومێد و بێ موڕاڵ ماوەتەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، ئەم تێزەی ڕێبەر ئاپۆ دەتوانێت گڕ و تینێک بە تاکەکانی کۆمەڵگا ببەخشێت و هیواش بۆ کۆمەڵگا بگەرێنێتەوە و هەبوونی یەک بە یەکی تاکەکانی کۆمەڵگا مسۆگەر بکات. ناوەڕۆکی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە تاک وەک هاوڵاتیەکی ئازاد خاوەندارێتی لە ئیرادەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەرەوەی سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵات، خۆی بە ێکخستن بکات. ئەم خۆ بە رێکخستنەش، بە خۆبەرێوەبەری دیمۆکراتی ناودێر کراوە. ئەم تێزە لە روانگەی ئایدئۆلۆژیەوە چەمکی دەوڵەت و ناوەندگەرایی قبووڵ ناکات، لە ڕووی سیاسی و ئیداریەوە، دەوڵەت لە سنووری خۆی دا دەهێڵێتەوە و دەوڵەت بەم فۆڕمەی ئێستا کە هەیەتی قبووڵ ناکات. لەهەموو روانگەکاندا ئەم سیستەمە ناخوازێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، پاڵ بە دەوڵەت و دەسەڵاتەوە بدات. بەڵکوو بە هێزی کۆمەڵگا و ئیرادەی تاکی ئازادی کۆمەڵگا، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات. نهێنی سەرکەوتنی ئەم تێزە ئەوەیە کە پشت بە ئیرادەی هەموو گەلان و ئاینە جیاوازەکان و هەموو رەنگەکانی تری کۆمەڵگا دەبەستێت.

ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و کوردستان و بێ چارەبوونی شێوازی ڕێوەبەری دەوڵەت بۆ سڕینەوەی ئەم قەیرانانە، مسۆگەر سیستەمێکی بەم ڕەنگە دەکاتە پێویستییەکی ژیانی، بۆ کۆمەڵگا.

چ کۆمەڵگایەک دەتوانێت ئەم سیستەمە جێ بەجێ بکات؟

دیارە کە بناخەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ، بۆ کۆمەڵگای سرووشتی دەگەڕێتەوە. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەتا ئەمڕۆ دروست بوون لەگەوهەردا کۆمەڵگا گەلێکن کە پڕاوپڕن لە بەهاکانی مرۆڤایەتی، ئەگەر ورد ببینەوە، دەبینین هەر تاکێک یان هەر ڕەنگێک یان هەر ڕەگەز و نەتەوە و ئایینێک، ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەرچاوەیە بوون. کۆمەڵگای کوردستانیش بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پێشەنگی ئەم کۆمەڵگایە، واتا کۆمەڵگای سرووشتی لە ئەستۆدا بووە. گەلانی میدیایی لە مێژوودا مۆری خۆیان لە سیستەمێکی بەم ڕەنگەی بە ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگا، داوە. پێکەوە ژیان، هاوخەمی ژیان، بەڕێوەبردنی ژیان و پاراستنی ژیان لە ناو گەلانی میدیایی دا، ئەرکی هەموو تاک و کۆمەڵانی خەڵک بووە. کۆمەڵگای ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش، ڕەنگدانەوەی هەمان کۆمەڵگای سرووشتی میدیان. ئەمڕۆ دەبینین لە هەمان کۆمەڵگادا نەتەوەکانی کورد، فارس، ئازەری، بەلووچ، عەرەب و... لە گەڵ هەموو پێکهاتە ئاینیەکانی وەک زەردەشتی، ئیسلامی شیعە و سونە، کاکەیی و یارسان، کریستیان و هەموو باوەڕیەکانی تر لەناو کۆمەڵگادا بەو پەڕی ڕێزداریەوە، ڕێز لە ڕەنگەکانی کۆمەڵگا دەگرن. ئەوەی جێگای سەرنجە سیاسەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانە کە ئەم ڕەنگانەی کۆمەڵگای کاڵ کردووەتەوە، یان نەی هێشتوون. ڕژیمی داگیرکەری ئێران، هەموو هەوڵەکانی بۆ بە هێز کردنی هێڵی شیعە و ناسیۆنالیسمی فارسە، بۆ ئەمەش لە ڕێگای بە سیاسی کردنی دینەوە ناکۆکی و دووبەرەکی خستۆتە ناو ئاینە و نەتەوە جیاوازەکان. لەبەرامبەر چارەسەر کردنی دۆزی گەلانیش بەتایبەت دۆزی گەلی کورد دا، بێ چارە بووە و یان هەوڵی بە کرێگرتنی کوردانی داوە، داگیرکەری ئێران ڕۆژانە تێکۆشەرانی دۆزی کورد، لە سێدارە دەدا، ئەمەش ئاستی ژووری

فاشیسم بوونی ئەو رژێمە داگیرکەرە، نیشان دەدات. هەر ئەمەش وای کردووە کە ئیرادەی کوردی ئازاد، لە بەرامبەر سیاسەتی دڕندانەی داگیرکەری ئێران دا، لە ڕێگای یاخی بوون لە سیستەمی داگیرکەر و مشەخۆر، تێکۆشانێکی نوێ دەست پێ بکەن و ئەوە ٤٠ ساڵە کە لە دەوڵەتی داگیرکەری ئێران یاخیە.
بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران، سیاسەتی تایبەت بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان و گەنجان کە وەک دوو فاکتەری پێشەنگ و ماتەوزەی کۆمەڵگان، لە بەر ترسی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران لەو دوو توێژە پێشەنگە، هەوڵدەدات گەنج و ژن بێ ئیرادە بکات. سیاسەتی دەستەمۆکردنی ژن و گەنج سیاسەتی دەستەمۆکردنی تەواوی کۆمەڵگایە، کە دەوڵەتی داگیرکەری ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە پەیڕەوی دەکات. ئاشکرایە کە نیوەی زیاتری گەنجانی کۆمەڵگا، ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان کراون. دەوڵەتی داگیرکەری ئێران بۆ ئەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەی گەنجان نەمێنێت، سیاسەتی گیرۆدە کردنی گەنجان بە ماددە هۆشبەرەکان بەڕێوە دەبات. هەر لە چوارچێوەی دەستەمۆکردنی گەنجان، سیاسەتی سەربازی زۆرملێ و بەرێکخستن کردنیان لە ناو سیستەمی ئیتلاعات و بەسیج دا پەیڕەو دەکات. هەمان سیاسەت لە بەرامبەر ژنانیش بەڕێوە دەچێت، پرۆژەی سیغە، پرۆژە یاسایەکە بۆ بەستنەوەی ژنان بە گەنجانی دەستەمۆ کراوە، دەوڵەتی داگیرکەری ئێران لێرەدا دەیەوێت هەردوو هێزی پێشەنگی کۆمەڵگا بێ ئیرادە بکات. زەواج بێ ئیرادەیی نیە، بەڵام لە ناو سیاسەتێکی بەم شێوەیەدا، ئاکامەکەی لە سەرلێشێواندنی تاکەکانی کۆمەڵگا زیاتر، هیچی تر بە دوای خۆیدا ناهێنێت.
کۆمەڵگایەکی بەم ڕەنگە بەدەر نیە لە دیاردەی بە لاڕێبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، کێشە کۆمەڵایەتیەکان و دیاردەکانی شەڕ و شۆڕ، کوشتن، دزی، توند و تیژی، فاحیشەیی، بەرهەمی سیاسەتی چەپەڵانەی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە. توندووتیژی دژ بە ژنان پرۆسەیەکە کە کۆماری ئیسلامی داگیرکەر، خۆی سەرکێشی بۆ دەکات. دیارە لە کۆمەڵگایەکی بەم رەنگە، ئەوەی سەرگەردان دەبن منداڵانن، منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەبنە قوربانی ئەو

دیاردانەی کە کۆمەڵگا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت. کارکردنی منداڵان لە تەمەنێکی بچووکدا، هیوا دەبەخشێتە سیاسیەتمەدارانی رژێمی داگیرکەری ئێران، چونکە کارکردنی ئەوان لەو تەمەنە بچووکەدا، وا دەکات کە لە کاتی گەورەبوونیشیاندا، کار بۆ خزمەتکردنی ئەو سیستەمە بکەنەوە. کۆڵبەرانی سەر سنوور، ئەو کۆڵبەرانەی کە شەختەبەند و سەهۆڵبەندانی زستان بەهەنگاوی گەرمیان دەتوێننەوە و گەرمایی هاوینانیان بە هەناسە ساردەکانیان فێنک دەکەنەوە، ئەو مرۆڤە ڕەنجدەرانەی کە پێشمەرگە ئاسا بۆ ژیانێکی سەربەرزانە، گیان لەسەردەستن، کۆماری ئیسلامی داگیرکەر، بۆ کوشتنی ئەم ڕەنجدەرانە حەڵاڵ دەکات؟ دەبێت کەی ئەم رەنجدەرانە لە کوشتن رزگاریان ببێت؟ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتیدا سیاسەتی پەرتگە و زاڵبەی بەسەر کۆمەڵگاوە، بەرێوە بردووە، سیاسەتێک کە خەڵکی فێر کردووە لە بەرامبەر زۆرترین رەنجیاندا دروشمی زندگی سختە واتا (ژیان زەحمەتە) بڵێنەوە. لێرەدا دەبێت دەستەواژەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاست بکرێتەوە، چونکە ئەو دەسەڵاتە بەهەموو جۆرێک دوورە لە کۆمارێکی ئیسلامیەوە، ئەو دەسەڵاتە تەنها و تەنها سیستەمی دەوڵەتێکی داگیرکەرە کە دەستدرێژی بۆ سەر هەموو پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا دەکات.

پەیوەندی گەلی کورد لە گەڵ گەلی فارس دا بنەمایەکی مێژوویی هەیە، فارس بە گوێرەی هەر گەلێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانێت هێز لە کوردان وەربگرێت، زەمینە بابەتیەکانی ئەمەش لە ئارادایە. ئێران پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نیە، ئەمەش لە قورسایی ئێران کەم دەکاتەوە. بەرزبوونی ئاستی تێکۆشانی کوردان، دەبێتە پاڵنەر کە کێشە مێژوویەکانی ئێران لە گەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان، چارەسەر ببێت. تێکۆشانی گەلی کورد بۆ ئازادی ئەم هەل و مەرجە بۆ گەلانی دیکەی ئێران دەرەخسێنێت. پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا لەم دۆخەی ئێستای کۆمەڵگا باش تێبگەن، خوێندنەوە و شرۆڤەیەکی واقیع بینیانەی بۆ بکەن، گەنجان و ژنان پێویستە لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگادا، ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕن، چونکە تەنیا لە توانای

ئـەوان دایـە کـە کۆمەڵـگا لـە دژی ئـەو هەمـووە بـێ رەوشـتیە، ڕاپەڕێنـن. دەوڵەتی داگیرکـەری ئێـران لـە ئێسـتادا، لـە هەمـوو کات زیاتـر لـە سـەرەمەرگی خـۆی نزیـک بووەتـەوە، هـەر بۆیـە بـە هـەزاران کـچ و کـوڕی تێکۆشـەری کۆمەڵگایـان، لەمەیدانەکانـدا بـۆ تۆقاندنـی خەڵکـی لـە سـێدارەدران. رۆشـنبیران و رۆژنامەوانـان ئەوانـەی کـە تەنیـا وشـەی ئازادیـان نوسـیبێت، ئێسـتا لـە زیندانەکانی ئـەو دەوڵەتە داگیرکـەرەدا، شـەو و ڕۆژ دەژمێـرن بـۆ ئازادبوونیـان. دیـارە هەمـوو دیاردەکانـی تـر کـە سـەرچاوەی کێشـە کۆمەڵایەتیەکانـن، سـەرچاوەکەیان بـۆ سیسـتەمی ئێـران دەگەڕێتـەوە. کەمتریـن یاسـا لـە دادگاکانـی دەوڵەتـی داگیرکـەری ئێـران، لـە گـەڵ یاسـا کۆمەڵایەتیەکانـی کۆمەڵـگا دەگونجێـت. ئەو یاسـایانەش کە ئەمـڕۆ کۆمەڵگای پـێ بەڕێـوە دەبـەن، بـەدەرن لـە هەمـوو بەهـا ئەخلاقیەکانـی کۆمەڵـگا. کۆمەڵگای ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـەم دۆخـەدا بەدەسـت ئەشـکەنجە و ئێشـێک کـە سیاسـیەکانی دەسـەڵاتداری ئێـران بەسـەریان هێنـاون دەناڵێنـن.

لەهەمـوو کات زیاتـر، ئێسـتا گونجاوتریـن کاتـە کـە دەبێـت کۆمەڵـگا بگەڕێتـەوە بـۆ خـودی خـۆی. خـۆی بڕیـار لەسـەر چارەنوسـی ڕۆڵەکانـی بـدات، خـۆی خـۆی بەرێوەببـات، هـەر خۆشـی، خـۆی بپارێزێـت. پێویسـتە لـە جیاتـی یاسـا گڵاوەکانـی ئێسـتا، ئەخـلاق تێیـدا پیـرۆز و ئەرزشـمەند بێـت و بـە بنەمـا بگیردرێـت. بـۆ گەڕانـەوەی کۆمەڵگایەکـی بـەم ڕەنگـەی ئێسـتا بـۆ جەوهـەری خـۆی، هۆشـیاری کۆمەڵایەتـی بـۆ هەمـوو چیـن و توێژێکـی کۆمەڵـگا پێویسـتە. پێویسـتە تاکەکانـی کۆمەڵـگا هۆشـیار ببنـەوە، چاوکراوەبـن و ئـەم ڕاسـتیانە ببینـن. چونکە تاکـە ڕێگای رزگار بوونـی کۆمەڵـگا لـەم دۆخـەی ئێسـتادا ئەوەیـە کـە لـە ڕێـگای هۆشـیاری کۆمەڵایەتیـەوە، کۆمەڵانـی خەڵـک بڕیاری شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتی بـدەن و هەنگاو بنێـن بـەرەو ژیانێکـی نـوێ و بونیادنانـی کۆمەڵگایەکـی ئـازاد و دیمۆکراتیـک.

# شەڕی عەفرین

## شەڕێکی مێژووییە دژ بە داگیرکەری

پێویستە بە شێوەیەکی وردبینانە راستینەی کوردستان هەڵبسەنگێنین و ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە. بە پێ بەڵگەکانی سەر رووباری مێژوو ئەو راستییە بخەینەڕوو کە مێزۆپۆتامیا چاوگەی چەکەرەکردنی یەکەمین ژیاری مرۆڤایەتییە. باب و باپیرانی کوردانیش کە لە مێزۆپۆتامیای سەروو و ناوین نیشتەجێ بوون، گەورەترین شۆڕشیان لەم ناوچەیەدا بەرپا کردووە. ئەو شۆڕشەش لەسەر بنەمای کشتووکاڵ و ئاژەڵداری، وەرچەرخانی مەزنیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام داوە. ئەمەش رۆڵی مەزنی لە گەشەکردنی هزر و زهنی مرۆڤدا گێڕاوە.
مێژوو گەواهی دەری ئەو راستییە حاشاهەڵنەگریە کە پرۆتۆتیپی بنەڕەتی کوردان رۆڵی بنگەهییان لە شۆڕشی نیۆلۆتیک گێڕاوە. پرۆتۆتیپە بنەڕەتیەکانی کورد لە میانەی ئەم شۆڕشەوە گوندیان دامەزراند و لەحەڵقە دوا بە دوا یەکەکانی مێژوودا بە تیپەڕاندنی فۆرمی خێڵ، هۆز و عەشیرەتە کوردیەکان لە ژێر ناوی کۆنفیدراسیۆنی گەل، نەتەوە بوونی گەلی کورد شکل دەگرێت. بۆیە گەلی کورد دەبنە خاوەن ناسنامەی گەوهەری خۆیان کە بە ساڵان تامەزرۆی ئازادی بوون و لەپێناو پاراستنی ناسنامەیان لەدژی سیستەمی کۆیلەداری ئاشووریەکان بە هەموو هێزیانەوە بەرخودان دەکەن و بۆ رزگاربوون لەئاشی هاڕینی شارستانییەتی کۆیلەداری، ژیانی ئازادی ناو چیاکان لەئامێز دەگرن. ئەم رێچکەیە تا بە ئەمڕۆ لەمێشک و زهنی گەلی کورددا دەدرەوشێتەوەو بۆ گەهێشتن بە ئازادی لەداوێنی چیاکان پەرەی بە بەرخۆدان داوە.
لەم سۆنگەیەوە دەتوانین خوێندنەوەیەکی راست و دروست بۆ بارودۆخی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و ڕووداوەکانی جیهان بکەین.

دۆزینـەوەی پەتـرۆڵ لـە باشـووری کوردسـتان لە لایـەن ئینگیلتەراوە ڕێگەخۆشـکەر بـوو بـۆ پارچەکردنـی کوردسـتان. کاتێـک کوردسـتان لـە پەیـمان و کۆنفرانسـە هەرێمـی و جیهانیـەکان بـە فەرمـی کرایـە چـوار بەشـەوە، هیچ مافێکی سرووشـتی بـە گەلـی کـورد ڕەوا نەبیـنرا. لەبـەر ئەمـەش کـوردان لـەو سـاتەوە تـا بـە ئێسـتا لـەدژی ئـەو گەلەکۆمـە نێونەتەوییـە وەسـتاونەتەوە و بـە پێچەوانـەی ئـەو پیلانـە چەپەڵانـە، گوێڕایەڵـی دەوڵەتانـی داگیرکـەری عێـراق، ئێـران، تورکیـا، سـوریا و هاوپەیمانەکانیـان نەبـوون. بۆیـە ڕەوتێکـی نوێـی سـەرهەڵدان و پاراستنی ڕەوا لـە دژی سیاسـەتی قڕکردنـی کـوردان تـا بـە ئەمـڕۆ بەردەوامـە. هێـزە ئیمپریالیسـتە جیهانیـەکان بـە پێشـەنگایەتی چـوار دەوڵـەت – نەتەوەی نـوێ بەریتانیا، فەرەنسـا، ئەمریـکا و ئەڵمانیـا کـە لەرۆژهەڵاتـی ناویـن دروسـتیان کردبـوون، کرانـە مەقاش بۆ دزیـن و تـاڵان کردنـی نـرخ و بەهـا مـادی و مەعنەویەکانـی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت.
ئـەوەی لەرۆژهەڵاتـی ناویـن لـە سـەد ساڵی رابـردووەوە تـا بـە ئەمـڕۆ دەگوزەرێـت ئەوەیـە کـە ئـەو هێزانـە کوردسـتانیان کردووەتـە نانەواخانـەی بەرژەوەندیەکانیان و نانـی داگیرکـەری تێـدا دەبرژێنـن و بـە مەقاشـی دەوڵـەت – نەتـەوەکان ئـەو نانـە دەردەهێنـن و بـە کڕیارانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری ئەوروپا دەیفرۆشـن و وەک کۆمەڵگایەکـی مشـەخۆری رۆژئـاواش دەیخـۆن. لێـرەدا ئەگـەر سیاسـەتی هێـزە ئیمپریالیسـتەکانی جیهـان کـە هێـزی سـەرەکی سیسـتەمی سـەرمایەداری و دزی سـەردەمی نـاو ماڵـن، خوێندنەوەیەکـی باشـی بـۆ نەکـرێ، هەمـان کورتاسـی پارتـە سیاسـی و بزاڤـە رزگاریخوازەکانـی گەلەکەمـان لـە سـەد ساڵی رابـردوودا دووپـات دەبێتـەوە و سـەرجەم راپەڕیـن، بەرخۆدان و سـەرهەڵدانە بـە نرخەکانی گەلەکەمان بـەرەو هەڵدێـر و مەرگەسـات پەلکێـش دەکرێـت و چوارچێـوەی نەتەوەپەرەسـتی سـەرتایی دەربـاز نـاکات و دەبنـە درێژەپێـدەری سـەرهەڵدانە کلاسـیکەکانی رابـردووی گەلـی کـورد. نەیارانـی کوردسـتان زۆر بـە باشـی لەو خاڵە تێگەهێشـتوون و لـەو چوارچێوەیـەدا ئیسـتراتیژی و تاکتیکـی دژە کـورد بەڕێـوە دەبـەن.
بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی گەلـی کـورد کـە بـە دامەزراندنـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لـە کۆتاییەکانـی چارەکـی یەکەمـی سـەدەی رابـردوو لـە باکـووری

کوردستانەوە دەستی بە تێکۆشان کرد، قۆناخێکی نوێی تێکۆشانی رزگاری نەتەوەیی دەست پێکرد و بە ئاواکردنی کەسایەتی ئازاد لە ناو کادیرانی پارتەکەدا و هەبوونی ئایدئۆلۆژیای سۆسیالیزم و ئازادی ژن،PKK ی کردە پارتێک کە سەرجەم پێکهاتەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەئامێز بگرێ و هاوکات سەرجەم گەلانی ئازادیخوازی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین و هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان لەژێر چەتری تێکۆشانی دیمۆکراتیکی یەکەکە کۆببنەوە. ئەو بەشدارییە فراوانەش، ناسنامەیPKK ی کردووە بە تەڤگەرێکی ئازادیخواز. رێبەرایەتی PKK جیاواز لە سەرجەم رێبەرانی گەلی کورد و رێبەرانی رۆژهەڵاتی ناوین و جیهان لە قووڵایی رووباری مێژووی مرۆڤایەتی کۆڵیەوە و دواتر هەنگاوی بوێرانەی بەرەو سەرکەوتن هەڵهێنا. لە سەرەتای دامەزراندنی PKK تا رۆژگاری ئەمرۆ لەگۆڕەپانی سیاسی و سەربازی جیا لە سەرکەوتن، هیچ بژاردەیەکی تری قەبووڵ نەکردووە. لە بەر ئەم حەقیقەتە PKK بووە بە چقڵی چاوی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری جیهانی و خەون و گوزەرانی لە دەوڵەت - نەتەوە، هەرێمیەکان حەرام کردووە. بۆیە هەوڵی پاکتاوکردن و مارژیناڵ کردنی ئەو تەڤگەرە لەلایەن ئەو هێزانەوە دراوە، لەئەنجامی گەلەکۆمەیەکی نێونەتەوەیی رێبەر ئاپۆیان بە بارمتە گرت. دوابەدوای رفاندن و بە دیل گرتنی رێبەر ئاپۆ دەوڵەت نەتەوە جیهانی و هەرێمیەکان لەوە تێگەهێشتن کە ئەو PKKی لە خەوندا دیبوویان و بە خەیاڵ پلاو، پیلانی چەپەڵیان بۆ لە ناوبردن و پاکتاوکردنی دارشتبوو، بێ ئەنجام ما. رێبەر ئاپۆ هەر لە سەرەتاوە هەستی بەم پیلانگێڕیە چەپەڵە کردبوو، بۆ ئەوەی دەستی چەپەڵی ئەو خوێنمژانە، رۆژهەڵاتی ناوین گەمار و گڵاو نەکات و پیلانەکانیان ئاشکرا و پووچەڵ بکات، لە رۆژهەڵاتی ناوینەوە بەرەو ئەورووپا بەرێکەوت. دواتر بە ئەنجامی ئەو گەلەکۆمە نێونەتەوەییە لەرۆژی ١٥ی شوباتیساڵی ١٩٩٩ی زاینی هێزە ئیمپریالیستەکان بە پێشەنگایەتی ئەمریکا و ناتۆ رێبەر ئاپۆیان بە بارمتە گرت و رادەستی تورکیایان کرد و ئەوەش لە بنەڕەتدا ستارتی دەستێوەردانی سەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوینە کە بۆ گەهێشتن بە

ئامانجەکانیـان داگیرکەریەکانیـان وەلاوە نـاوە.
١١ی ئەیلـوول ناکـرێ لەخانـەی هێرشـێکی تیرۆسـتی لەقەڵـەم بدەیـن، بەڵکـوو ١١ی ئەیلـوول مۆدێلێکـی نوێـی تیـرۆر بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بـوو کـە ئەلقاعیدە و داعشـی لەقازانجـی بەرژەوەندیەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانانـی لـێ شـین بـوو تـا دەسـت بـە سـەر جیهانـدا بگـرن. ڕێبـەر ئاپـۆ ١٩ سـاڵ لەمـەو بـەر پێشـبینیەکانی خـۆی سـەبارەت بـەم بارودۆخـە خسـتبووەڕوو. بـە پـێ پێشـبینیەکانی ڕێبـەر ئاپـۆ، هێـزە ئیمپریالیسـتەکان، ٢٥ سـاڵە شـەڕی جیهانـی سـێهەم کـە شـەڕێکی خوێناوییە بەڕێـوە دەبـەن. ئـەم شـەڕەش دەسـتەو یەخـەی سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتان و دەوڵـەت - نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـی گرتووەتـەوە. پێشـبینەکانی ڕێبـەر ئاپۆ لـە ئـەرزی واقیعـی کایـەی سیاسـی و گۆڕەپانـی شـەڕی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و جیهان ڕاسـت دەرکەوتـن و بـەو پێیـەش گەلـی کـورد و تەڤگـەری ئـازادی بە پێشـەنگایەتی ڕێبـەر ئاپـۆ مـاوەی زیاتـر لـە ١٩ سـاڵە تێکۆشـانێکی بـێ وچـان لـە دژی کۆنسـێپتی قڕکردنـی کـوردان و داگیـرکاری سـەردەم بەڕێـوە دەبـەن.
تورکیـا کـە گەورەتریـن هێـزی داگیـرکاری و فاشـیزمی ڕۆژهەڵاتی ناویـن و دووەمین هێـزی ناتۆیـە ڕۆڵـی سـەرەکی لە جێ بەجێ کردنی پـڕۆژەی داگیرکاری لە کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتـی ناویـن دەگێڕێـت. هاوشـانی داگیرکـەری تورکیـا ڕژێمـی ئێرانیش وەک دەوڵەتێکـی تـری ناوچەکـە مەترسـی جیـددی خسـتووەتە سـەر بەرژەوەندیەکانـی گـەلان لەناوچەکـە. هـاوکات ڕژێمـی داگیرکـەری ئێـران وەک ڕکابـەری مێژوویـی تورکیـا، گـرەو لەسـەر داگیـرکاری کوردسـتان کـردووە. دەوڵەتانـی عێـراق و سـوریا لەبـەر ناکۆکـی مێژوویـی، مەزهەبگەراییەکـی قـووڵ بوونەتـە گۆڕەپانـی جـێ بەجێ کردنـی ئەجینـدای سیاسـەتی هێـزە هەرێمی و جیهانیەکان. ناسیۆنالیزمی کـوردی و پارتـە کلاسـیکەکانی کوردسـتان کە لـە گۆڕەپانـی باشـووری کوردسـتان کار و خەبات بەڕێـوە دەبـەن، ڕۆژانـە شکسـت لـە دوای شکسـت تۆمـار دەکـەن و بـەو شـێوەیە ئیـرادەی گەوهـەری گەلـی کـورد لاواز و تێکدەشـکێنن. تەڤگـەری ئازادیخـوازی گەلـی کـورد لەسـەرجەم بەشـەکانی کوردسـتان، مەیـدان بـۆ هێـزە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان دەخوێنێـت. بـەو شـێوەیە هیـواو ئومێـد بە سـەرجەم گەلان، بـە هەموو

پێکهاتەکانیـەوە دەبەخشـێت. ناکرێـت حاشا لـەوە بکرێـت ئـەو هێـزە لاوازەی کـە بـە دەسـتی ناسـیۆنالیزمی کوردی مـاوە، لەژێر سـایەی تێکۆشـان و دەسـتەبەرکردنی دەسـتکەوتی تەڤگـەری PKK، گـەل و بەرخودانـی رێبـەر ئاپـۆ پێیـان بەخـشراوە. فەلسـەفەی ئاپۆئیسـتی لـە کوردسـتان هێڵـی تێکۆشـان و بەرخودانـە. رێچکـەی بارزانـی کـە دوای کۆمـاری مەهابـاد سـەرهەڵدەدات هێڵـی شکسـت، خیانـەت، خۆفرۆشـتن، خـاک فرۆشـتن و کۆیلەتـی بـە بنەمـا دەگرێـت. رێچکـەی بارزانـی ئەگەرچـی لەنـاو بەشـێکی کەمـی کـوردان بـە کاریگەر و لایەنگریشـی هەبـێ، بەڵام لەبنەڕەتـدا بەشـێوەی کـرداری بـاوەڕی بـە هێـزە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان هەیە و بـە پـێ بەرژەوەنـدی نەیارانـی کـورد سیاسـەت دەکات. ئـەوەش لەکاتێکدایـە کـە ئـەو کـوردەی لەلایـەن سـەدامی گـۆڕ بـە گـۆڕەوە نەتوانـرا بـە سیاسـەتی تەعریـب و پرۆسـەکانی بـە عـەرەب کردنـی زۆرەملـێ بتوێنێتـەوە، ئەمـڕۆ بـە دەسـتی PDK و بەشـێکی نـاو YNK و پارتـە عیلمانـی و ئیسـلامیەکان لەژێـر ناوەکانی سیسـتەمی ئاغایەتـی، پاشـایەتی و خەلیفایەتـی ئـەو کۆنسـێپتە چەپەڵـە بـە ئەنجـام دەگەیەنن و یـاری بـە چارەنوسـی گەلـی کـورد دەکـەن. هـەر وەک چـۆن خۆیـان وابەسـتەی سیاسـەتی هێزەکانـی ناوچەکـە و ئیمپریالیزمـی جیهانـی کـردووە، دەیانەوێـت بـە هەمـان شـێوەش گەلـی کـورد وابەسـتەی دەسـەڵاتی ئاغـاو ئاغـەوات و پاشـایەتی بکـەن. گەلـی کـورد بـەو هۆشـیارییە کۆمەڵایەتییـەی لەسـەر بناخـەی هـزر و رامانی رێبـەر ئاپـۆ وەریگرتـووە، ئەمـڕۆ عاشـقی ئازادیـەو لـەو پێناوەشـدا گەلێـک قوربانی مەزنـی داوە.

شۆڕشـی رۆژئـاوای کوردسـتان نموونەیەکـی بەرچـاوە کـە لەسـەر بنەمـای فکـر و رامانـی رێبـەر ئاپـۆ و سیسـتەمی تەڤگـەری ئـازادی چـرۆ و گەشـەی کـرد و بـە رەنجـی بـێ وچانـی رێبـەر ئاپـۆ، تەڤگەری ئـازادی و گـەل، سیسـتەمی دیمۆکراتیکی گـەل دامـەزرا. ئـەو سیسـتەمەش ئەمـڕۆ بووەتـە تاکـە پـڕۆژەی مۆدێرن بـۆ باکووری سـووریا و تاکـە پرۆژەیـە کـە توانـای چارەسـەرکردنی سـەرجەم گێـژاو و قەیرانەکانی نـاو وڵاتانـی سـوریا، عێـراق، تورکیـا، ئێـران و بـە گشـتی رۆژهەڵاتـی ناوینـی هەیـە. بونیادنانـی سیسـتەمی خۆبەڕێوەبـەری دیمۆکراتیکـی گـەلان هەڕەشـەیە بـۆ

دەوڵـەت نەتەوەکانـی هەرێمـی و هێـزە ئیمپریالیسـتەکان. بۆیـە هێـزە هەرێمـی و جیهانیـەکان لەسـەرەتای شۆڕشـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانەوە لـە دژی ئـەم شۆڕشـە وەسـتانەوە. گەلـی کـورد بـە هاوپەیمانـی لـە گـەل گەلانـی تـری سـووریا بـە هۆشـیاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی شۆڕشـیان بەرپـا کـرد.
ڕۆژئـاوای کوردسـتان و باکـووری سـووریا تاکـە نموونـەی کۆمەڵـگای سیاسـییە لەجیهانـدا. تاکـە کۆمەڵگاشـە کـە جیـا لەسـەرکەوتن و دەسـتەبەر کردنـی مـاف و پێگـەی سیاسـی گـەل، ملـی بـۆ هیـچ شـتێکی تـر دانەنوانـدووە. گەلـی عەفریـن زیاتـر لـە ٥٠ ڕۆژ بەرخودانـی مێژوویـان لـە دژی داگیرکـەری هێـزە سەردەسـت و دەسـەڵاتدارەکان ئەنجـام دا. لەدەسـتپێکی هێرشـی داگیرکـەری دەوڵەتی فاشیسـتی تورکیـا بـۆ سـەر عەفریـن، بـە هەڵکردنـی گڵۆپـی سـەوزی روسـیا، تورکیـا هێرشـی خـۆی پێکهێنـا. بەمـەش رووسـیا بەشـداری خـۆی لـەو داگیرکەریـە نیشـاندا. لـە مێـژوودا رووسـیا سـەرەڕای ئـەو پەیوەندیـەی لـە گـەڵ کـوردان هەیبـووە، کـەی هەسـتی بـە بەهێزبوونـی کـوردان کردبـێ، لـە پشـتەوە خەنجەری لـە کـوردان داوە. کۆمـاری مەهابـاد نموونەیەکـی بـەر چـاوی ئـەم جـۆرە سیاسـەتەی رووسـیایە. ئـەم جارەیـان کۆمەڵـگای هۆشـیاری کوردسـتان، بـە هۆشـیارییەوە دەسـتی روسـیایان پێـش وەشـاندنی خەنجـەری نامـەردی گـرت و وانەیەکـی مێژوویـان بـە رووسـیا و ئـەو هێزانـەی کـە بـە نـاو خۆیـان بـە دۆسـتی کـورد دەزانـن دا. ئەمریـکا و یەکێتـی ئەوروپـا بـەو بـێ دەنگـی و بـێ هەڵوێسـتیەی کە هەڵیـان بـژاردووە، بەشـدارن لەو داگیرکەریـەی سـەر  عەفریـن و کوردسـتان. لـە کۆبانێـدا گەلـی کورد و شۆڕشـگێڕانی کـورد و عـەرەب وانەیەکـی مێژوویـان بـە داعـش و هێـزە سـێبەرەکانی ئیمپریالیزم دا. لـە بەرخودانـی عەفرینیشـدا، دیسـان گـەل و شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان وانـەی مێژوویـی بـە هیـزە داگیرکـەرەکان دەدەن.
بەرخودانـی عەفریـن نموونەیەکـی نوێیـە لـە بەرخـودان و شـەڕکردن لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی ئازادیـدا. گەلـی کـورد و گەلانـی ئازادیخـوازی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و باکـووری سـوریا، ئەمـڕۆ لـە عەفریـن شـەڕی گەلـی شۆڕشـگێری بەڕێـوە دەبـەن. گومانـی تێـدا نییـە کـە هیـچ هێزێکـی داگیرکـەر بەرگـەی خۆڕاگـڕی، رق و کیـن و

نەفرەتی گەلی شۆڕشگێڕی بگرێت. نموونەی ئەم شەڕەش کە منداڵی بچووک، ژن، گەنج، پیر و سەرجەم کۆمەڵگا بە نەتەوە، ئەتنیک، ئاین و مەزهەبی جیاوازەوە تێیدا بەشدارە، دیکتاتۆریەت و فاشیزمی لەرزاندووە. درێژ بوونەوەی ئەم شەڕە، پڕیشکی شەڕ لەسەرتاسەری کوردستان و ناوچەکە بەر بڵاو دەکات. هەروەها ئەم شەڕە هەم هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هەم هەستی ئازادی بۆ گەلانی ئازادیخوازی کوردستان زیاتر دەگەشێنێتەوە.

گەلی کورد لە باکوور، باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئیرادەی پۆڵاینی عەفرینەوە بە رۆحی ئاڤێستا و بارین ئامادەن پێشوازی لە شەڕی گەلی شۆرشگێڕی بکەن کە گەریلا، پێشمەرگە، شەڕڤان، کرێکار، رەنجدەر، مامۆستا، خوێندکار، منداڵ، ژن، گەنج و پیر پێکەوە دەستیان لەسەرکەوتنی شۆڕشدا هەبێت و ئازادییە زەوت کراوەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن و نیشتمانە لەت لەت کراوەکەمان یەک بخەنەوە. لەبەرامبەر ئەو شەڕەدا داگیرکار کێ دەبێ بابێ، کەی هێرش دەکات با بیکا. لەبەرامبەر دەسەڵاتی زوحاکی سەردەم ئەردۆغان، بە رۆحی تۆڵەسەندنەوەی کۆمەڵکوژی ئەنفال و هەڵەبجە و قامیشلۆ بە گوڕوتینی ئاگری نەورۆز بە رۆحی چیاگەر، لەقەڵای بەرخودانیدا، ئەمڕۆ هەر کوردێک کاوەی ئاسنگەر، ئارین میرکان، عەگید، ڤیان سۆران، سمکۆ و بە هەزاران قارەمانی دیکەن. بۆیە بەرخودان گەشانەوەی ئازادییەو گەرەنتی سەرکەوتنمانە.



# نەورۆز

## ڕۆژی گورز وەشاندنە لە داگیرکەران

مێــژوو شــایەتی بــێ دەنگــی گەنجینــە شــاراوەکانی ژێــر زەمینــە. مێزۆپۆتامیـا کــە لانکــەی مرۆڤایەتیــە، زۆرینــەی وەرچەرخانــە بنەڕەتیەکانــی مرۆڤیاتــی تێـدا سـەریهەڵداوە. بـە واتایەکـی تـر گـەردوون لـەم خاکـەدا تـۆوی ژیـان و گەشـەکردنی زێهنـی مرۆڤایەتـی تێـدا چێنـدراوە. بـۆ تێگەیشـتن لـە هـەر بابەتێـک دەبێـت سـەرەتا بنەمـا مێژوویەکـەی وەرگریـن و دواتـر بـە بایەخـدان بـە مێـژووە روانگەمـان بـۆ خـودی بابەتـە هەنووکەییـەکان بخەینـەڕوو. خـودی مێـژووش کـۆی هەمـوو بەهـا مـادی و مەعنەویەکانـە کـە پەیوەندیەکـی تونـد و تۆڵی بـە رۆژگاری ئەمڕۆمانـەوە هەیـە. بـە واتایەکـی دیکـە مێـژوو بناغـەی ئەمـڕۆ و ئایندەیـە، لـەو سـۆنگەیە دەتوانیـن بڵێیـن نـەورۆز بنەمایەکـی مێژوویـی هەیـە کـە رەنگدانـەوەی رۆژگاری ئەمـڕۆ و ئاسـۆی داهاتوومانـە. وشـەی نـەورۆز لـە زمانـی گەلانـی مەدیادا بەواتـای رۆژی نـوێ و ژیانەوەیـە. سـەرکەوتنی کاوەی ئاسـنگەر هاوکاتـە لەگـەڵ هاتنـی بەهـاردا. هـەر وەک لـە ناوەکەیـدا ئاشـکرایە ئـەو ڕۆژە بـۆ گەلانـی مەدیایی بەواتـای نوێبوونـە و سـەرکەوتنە. هـەر بۆیـە گەلانـی مەدیایـی ئـەو رۆژەیـان بـە بووژانـەوەی سروشـت و هەڵاتنـی رۆژێکـی نوێـی نـەورۆز پێناسـە کـردووە.

ئەفســانەی بەرخۆدانــی کاوەی ئاســنگەر تــەوەرەی ســەرەکی بابەتەکەمانــە. بەشـێک لـە مێژوونوسـان بـە ئەفسـانەی کاوەی ئاسـنگەر پێناسـەی دەکـەن و بەشـێکیش وەک داسـتانێکی واقیعـی لـێ دەڕوانـن. لێـرەدا دەبێـت پرسـیاری ئـەوە بکەیـن کـە مێژوونـووس کێیـە؟ سـەر بـە چ نەتـەوەو دەسـەڵاتێکن؟ لەپێنـاو چ ئامانجێکـدا مێـژوو دەنووسـنەوە؟ وەڵامدانـەوەی ئەم پرسـیارانە تەوەرەی سـەرەکی بابەتەکەمانـە. پێویسـتە دەسـتپێک ئـەو راسـتییەمان لەبەرچـاو بـێ کـە بەشـێکی

زۆری مێژوونوسەکان کە کار لەسەر مێژوو و کولتووری رۆژهەڵاتی ناوین دەکەن، ئەوروپایەکانن. ئەوروپایەکان کە خۆیان بە کۆمەڵگای پێشکەوتووی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدەن، زۆر ئەستەمە کە پێناسەیەکی راستیان بۆ رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەت کوردستان هەبێت. چون ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی مێژووی ناوچەکە لەقازانجی ئەورووپیەکان نییە.

مێژوو شایەتی ئەوە دەدات کە مێزۆپۆتامیا لانکەی ژیاری مرۆڤایەتییە. گەورەترین شۆڕشی نیۆلۆتیک لەسەر ئەم خاکە پێکهاتووە. بە زمانی ئەورووپییەکان شارستانیەت لێرەدا گەشەی کردووە. لە ئایینە تاک خوداییەکانیشدا راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم راستییە کراوە. بە پێی ئەم راستییە زۆر ئەستەمە کە رۆژئاوائیەکان مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین وەک خۆی بۆ جیلی داهاتوو بگوازنەوەو چاوەڕوانیش هەڵەو بێ بایەخە. چون ئەگەر پەردە لەسەر راستیەکانی ناوچەکە لابرن، نکۆڵی لە شارستانیەتی دەسەڵاتداری خۆیان دەکەن.

لە کاتێکدا کە مێژووی ئازادی و سەروەریەکانمان لە ناو زبڵدانی مێژوودا قۆڵبەست کرابێت، ئەوا ئەرکی تۆمارکردنی سەرجەم شکۆ و سەروەریەکانی گەلەکەمان لە ئەستۆی ئازادیخوازانە. مێژووی هەر گەلێک شووناسی ئەو گەلەیە، چاند و کلتووری هەر گەلێک مۆرکی خۆی لە مێژووی ئەو گەلە دەدات. چاند ناسنامەی گەلانە. بۆیە گەلی کورد و گەلانی میزۆپۆتامیا لەبەر پابەندبوون و گرێدان بوونیان بە چاند و کولتورەوە لەمێژوودا رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە. لەو سۆنگەیەوە داستانی کاوەی ئاسنگەر داستانێکی قارەمانی و مێژوویی گەلەکەمانە. کاوەی ئاسنگەر کەسایەتیەکی بوێری گەلی میدیاییە.

ئاسنگەری هەر لە کۆنەوە پیشەی گەورە پیاوان یان جوامێران و ئەسڵ زادەگان بووە. زۆحاک یان دەحاک پاشایەکی زۆرداری داگیرکەری هەرێمی میدیا بووە. بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە زوحاک سەر بە نەتەوەی تورانیەکانە. قاڵی ئەوە دەکرێت کە زوحاک دوو ماری لەسەر شان بووە، دەکرێ ئەمەش بە لێکچوواندنی زوحاک بۆ ترساندنی خەڵک کرابێ. ئەو ئەگەرە لەئارادایە کە

لـه سـەر شـانی زوحـاک مـار، بوونـی نەبووبـێ، بەڵکـو دەبـێ لـە جیاتـی ئـەو دوومـارە، دوو بریـن بووبـێ کـە زوحـاک بـەو بانگەشـانە خەڵـک بەچەترسـێن و ورەیـان دابڕمێنێـت. زوحـاک بـەم پاسـاوە بـە هـەزاران گەنجـی کـوردی کوشـتووە. پیلانـی کوشـتنی سـەرجەم گەنجانـی گەلانـی میدیـای لەبەرنامـەدا هەبـووە، تـا لەو سـەردەمەدا کۆمەڵـگای میدیـا لاواز و بیباتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە. زوحـاک بـە سـاڵان لەسـەر سیاسـەتی کوشـتنی گەنجانـی میدیایـی درێـژە پێـداوە و خوێـن و مێشـکی گەنجانـی بـۆ سارێژکردنی برینەکانـی سەرشـانی بـەکار دەهێنـا. تـا کاتێک نۆبـەی دوو کوڕەکـەی کاوەی ئاسـنگەر دەگات، ئـەو زوڵـم و زۆرداریـەی زوحـاک قبـوڵ نـاکات و بەرەنـگاری زوحاکـی سەردەسـت دەبـێ و ئاگـر لـە جەسـتە و ماڵـی زوحـاک بـەرداوە. دوای ئـەم بەرخـۆدان و تێکۆشـانە، زوڵـم و سـتم و داگیـرکاری کۆتایـی پێدێـت و کاوەی ئاسـنگەر مزگێنـی خۆشـی و ئارامـی پێشکەشـی گەلـی میدیـا دەکات. کاوەی ئاسـنگەر نوێنـەری هێـزی ئازادیخـوازی ئـەو کاتـەی گەلـی میدیـا بـووەو وەک نوێنـەری گەلانـی میدیـا لـە دژی زۆرداری و داگیرکـەری زوحـاک پێشـەنگایەتی سـەرهەڵدانی نـەورۆزی کـردو ئەمـەش مشـتێک لـە خەرمانـی ئـەو داسـتانەیە.

دەبـێ سـەرجەم داسـتانەکە ناوەڕۆکێکـی زیاتـر و دەوڵەمەندتـری هەبـێ کـە مـن نەمتوانـی بـێ، بەباشـی دایبڕێـژم. بـەڵام ئـەوەی حاشـا هەڵنەگـرە کاوەی ئاسـنگەر نموونـەی کەسـایەتێکی جوامێـری ئەوسـای گەلـی میدیـا بـووە. ئـەم رووداوە سـاڵانە بـە هەڵکردنـی ئاگـری نـەورۆز زیاتـر بـە واتـادار دەکـرێ. ئـەو کەسـانەش کـە ئـەم راسـتیەیان پـێ هـەزم و قبـوڵ ناکـرێ، دەتوانـن چاوێـک بـە مێـژووی کوردسـتاندا بخشـێنن کـە سـەدان کەسـایەتی جوامێـری وەک کاوەی ئاسـنگەر و زوحاکـی سـتەمکار و داگیرکـەر دەبینـن.

گەلـی کـورد وەک پێشـەنگی گەلانـی میدیا بـە سـەرهەڵدان و بەرخۆدانـی مێژوویی نەورۆزیـان تاجـدار کـردووە. دوای تێپەڕبوونـی ٢٧١٩ سـاڵ ئەگـەر لەئەمـڕۆدا چاوێـک بـە کوردسـتان بخشـێنین کـە گەلانی میدیایـی تێدا جێگربـووە، هـاوکات بە دەیـان کەسـایەتی زاڵـم و سەردەسـت و داگیرکـەری تێـدا دەبینیـن کـە هاوشـێوەی

زوحاکی دوێنێن و خوێنی رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە دەڕژێنن. لەکاتێکدا ئەمڕۆ لە بەرامبەر زوحاکی سەردەم بەهەزاران عەگید و جوامێری وەک کاوەی ئاسنگەر لەناو تێکۆشاندان. گەلی کورد وەک پێشەنگی گەلانی مەدیا و دوا بە دوای سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر و بونیادنانی کۆنفیدراسیۆنی مەد، لەپێناو بە دەست هێنانی مافی ڕەوای خۆی و گەلانی دیکەی چەوساوە، تا بە ئەمڕۆ لە ناو تێکۆشاندایە. هەر وەک چۆن نەورۆز پەیامی سەرکەوتنی لەبەرامبەر زۆڵم و زۆرداری شەکاندەوە. بە درێژایی مێژوو گەلی کورد هاوشانی گەلانی مەدیاییدا بە خرۆشەوە نەورۆزیان پیرۆز کردووە.

دوای شۆڕشی هاوچەرخی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێبەر ئاپۆ، ئاگری نەورۆز بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە هەڵکراوە. هەنگاوی یەکەمی تێکۆشانی لەدژی داگیرکەری لە نەورۆزی ١٩٧٣ لەلایەن پێشەنگەکانی پەکەکە نراوە. مەزڵوم دۆغان لە ئاداری ١٩٨٢ دا بە چالاکیەکی گیانبازانە رۆحی کاوەی ئاسنگەری زیندوو کردەوە. دواتر رەهشان دەمرەل و زەکیە ئەڵکان بە وتەی نەورۆز بە هەڵکردنی ئاگری جەستەمان بە نرخ تر، واتایەکی نوێیان بە نەورۆز بەخشی. هەمان ڕۆحی خۆڕاگری لە زینداندا لەم ساڵدا لە کەسایەتی میلیتانی شۆڕش، زولکوف گەزەندا بەرجەستە بوو. نەورۆزی کوردان لە دوای چالاکی گیانبازانەی تێکۆشەرانی گەلی کوردەوە، هەر ساڵ بە جۆش و خرۆشی زیاتر و بەواتادارتر پیرۆز دەکرێت.

نەورۆز بەتەنها بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی کوردستان نییە، بەڵکو هەر لە نەورۆزی کاوەی ئاسنگەرەوە هەتا نەورۆزی مەزڵوم دۆغان و زولکوف گەزەن، نەورۆز گورزێکی کوشندەیە بۆ داگیرکەران و زوحاکانی سەردەم. داگیرکەرانی کوردستان لە باشوور، باکوور، رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستان هەر ساڵ بە هاتنی بەهار و نەورۆز پایەکانی دەسەڵاتیان دەلەرزێت. هەر بۆیە دەوڵەتی داگیرکەری ئێران ، دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، رژێمی بەعسی سوریا و عێراق هەر لە کاتی ئاوابوونیانەوە بە هاتنی نەورۆز ترسی گەورەیان لێ دەنیشێت. سەرەڕای ئەوەی سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی

کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە بەرامبەر یەکتریدا ناکۆکیەکی زۆرجدی مێژوویان هەیە، کەچی لە بەرامبەر گەلی کوردا تەواوی داگیرکەرانی کوردستان لەیەک بەرەدا لە هەوڵی ناوبردنی گەلی کورد و مەیلە ئازادیخوازیەکەی دان. هەر بۆ ئەو مەبەستەش گەلەکەمان لەو ڕۆژە پڕشکۆیەدا هەمیشە وەڵامی یەکێتی و یەکریزی نەتەوەکان دەدەنە داگیرکەران و بەمەش هەر ساڵەو بە سەرکەوتنێک ئەم رۆژە پیرۆز دەکەن.

ڕاپەڕینی باشوری کوردستان لە مانگی ئاداری ١٩٩١ دا و دەرکردنی رژێمی فاشیستی بەعس لە کوردستان مۆری خۆی لە تێکۆشانی سەدەی رابردووی گەلەکەمان دا، هاوکاتیش لە باکوری کوردستان و سەرهەڵدانی گەلی کورد لەم قۆناغەدا پاڵپشتێکی نەتەوەیی بوو بۆ گەلەکەمان لە باشووری کوردستان. لە سەدەی رابردوودا تێکۆشانی کوردان لە باکوور و باشووری کوردستان بە گرنگ ترین و گەورەترین راپەرین و شۆڕش لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهان لەقەڵەم بدەین. لەم سەدەیەدا تێکۆشانی رەوای گەلی کورد و بزاڤە ئازادیخوازەکەی لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان و تەنانەت لەنێو گەلانی دیکەی ناوچەکە بەردەوامە.

رۆژئاوای کوردستان زیاتر لە ٨ ساڵە ناو شۆڕشدایە. ئەو شۆڕشەش لەباکووری سوریا و رۆژئاوای کوردستان گەلی کورد و پرۆژەی چارەسەری بە جیهان ناساند. شۆڕشی رۆژئاوای کوردستان جیاواز لە شۆڕشی نەتەوەیی، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و فکری بوو لەپێناو بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک. تێکشاندنی داعش لە لایەن شەرڤانانی رۆژئاوا و باکووری سووریاوە لە نەورۆزی ئەمساڵدا مزگێنی سەرکەوتنی شۆڕشی بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە دا. رۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەناو شۆڕشدان و گەلانی ئێرانیش لە کەش و هەوای شۆڕشدان. رژێمی داگیرکەری ئێران دوای تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ لەدەسەڵاتداری، ئیرادەی سیاسی و نەتەوایەتی گەلان ناناسێت و هیچ ماف بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بە رەوا نابینێت. دەوڵەتی داگیرکەری ئێران هاوشێوەی زوحاک

خوێنی هەزاران رۆڵەی گەلەمانی رژاندووە. بەهەزاران کچ و کوڕی ئازادیخوازی لە سێدارە داوە. بە هەزاران کۆڵبەری بێ تاوانی لەسەر سنوورەکان زامدار و کوشتووە. بەدەر لەم تاوانانە، رژێم بە گەشەدانی فاشیزمی مەزهەبی لەهەوڵی دامرکاندنی ئیرادەی ئازادی کۆمەڵگایەو سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەدەست سیاسەتی فاشیستانەی دەوڵەتی دەگیرکەری ئێرانەوە دەناڵێنن. بوونی کەشێکی بەم شێوەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، بەرپاکردنی شۆڕشی ئازادی بۆ لە ناوبردنی زوحاکی سەردەمی خامنەیی دەرەخسێنێت.

لە ئێستادا گەلانی ئازارچێشتووی کوردستان هاوشێوەی ٢٧١٩ ساڵ پێش ئێستا هیواکانیان بە هەوڵ و تێکۆشانی گەلی کورد و تێکۆشەرانی گەلەمان بەستووە. لەم قۆناغەدا ئەرکی هەر شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازێکە کە لەبەرامبەر زوحاکەکانی سەردەم راپەڕن و مێژووی سەرهەڵدان و بەرخودانی کاوەی ئاسنگەر سەردەمیانە بکەین و زوحاکەکانی سەردەم لەناوبەرین و نەورۆز بە سەرکەوتنێکی شکۆدارتر جەژن بگرین.



# نەورۆز

## هەوێنی یەکێتی و پێکەوەژیانی گەلانە

مێـژوو شـایەتی بـێ دەنگـی گەنجینـە شـاراوەکانی ژێـر زەمینـە. میزۆپۆتامیا کە لانکـەی مرۆڤایەتیـە، زۆرینـەی وەرچەرخانـە بنەڕەتیەکانـی مرۆڤایەتـی لەسـەر ئـەم خـاک و بوومـە بـووە. بـە واتایەکـی دیکە گـەردوون بـە تـەواوی واتاکانیەوە لـەم خاکـە پـڕ پیـت و بەرەکەتـەدا تۆخمـی ژیـان و ئاواکردنـی مرۆڤایەتـی وەشـاندووە.

بـۆ تێگەیشـتن لـە هەر بابەتێـک بەهەنـد وەرگرتن لەبنەمـا مێژوویەکـەی گرنگە. مێـژوو کـۆی هەمـوو بەهـا مـادی و مەعنەویەکانـە کـە پەیوەندیەکـی تونـد و تۆڵـی بـە ڕۆژگاری ئەمرۆمانـەوە هەیـە. بـە واتایەکـی دیکـە مێـژوو بناغـەی ئەمـڕۆ و ئایندەیـە، لـەو سـۆنگەیەوە دەتوانیـن بڵێیـن نـەورۆز بنەمایەکـی مێژوویـی هەیـە. کـە ڕەنگدانـەوەی ڕۆژگاری ئەمـڕۆ و ئاسـۆی داهاتوومانـە. وشـەی نـەورۆز لـە زمانـی گەلانـی مەدیایـدا بەواتـای رۆژی نـوێ، واتـە ژیانـەوە هاتـووە. سـەرکەوتنی کاوەی ئاسـنگەر هاوکاتـە لەگـەڵ هاتنـی بەهـاردا. هـەر وەک لـە ناوەکەیـدا ئاشـکرایە ئـەو رۆژە بـۆ گەلانـی مەدیایـی بەواتـای نوێبـوون و سـەرکەوتنە. بۆیـە گەلانـی مەدیایـی ئـەو ڕۆژە وەک بووژانـەوەی سروشـت و هەڵاتنـی ڕۆژێکـی نوێـی نـەورۆز بەواتـا دەکـەن.

ئەفسـانە یـان ڕووداوی کاوەی ئاسـنگەر فاکتـۆری سـەرەکی بابەتەکەمانـە. هەندێـک لـە مێژوونوسـان کاوەی ئاسـنگەر بـە ئەفسـانەیەک نـاوزەد دەکـەن، هەندێکـی دیکـەش وەک داسـتانێکی واقیعـی سـەیری دەکـەن. لێـرەدا دەبێـت پرسـیاری ئـەوە بکەیـن کـە مێژوونـووس کێیـە؟ سـەر بـە چ نەتەوەیـەک و دەسـەڵاتێکن؟ مێـژوو لەپێنـاو چ ئامانجێـك دەنووسـنەوە؟ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانە ناوەڕۆکـی بابەتەکەمانـە. لەسـەرەتادا دەبـێ ئـەو ڕاسـتیە بـاش بزانین

کە بەشی هەرە بەرچاوی مێژوونوسان؛ ڕۆژئاوایی واتە ئەورووپیەکانن. ئەورپیەکان کە خۆیان بە کۆمەڵگای هەرە پێشکەوتووی مرۆڤایەتی دادەنێن، لەبەر ئەم لۆژیکە، ئەستەمە مێژووناسی ئەوروپایی پێناسەیەکی ڕاست بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت میزۆپۆتامیا هەبێت. چۆن ئاشکراکردنی ڕووە شاراوەکانی مێژوو لەبەرژەوەندی ئەورپیەکان نیە! چونکە بەڵگە مێژوویەکان شایەتی بۆ ئەوە دەدات کە یەکەمین لانکەی مرۆڤایەتی، لەسەر ئەم خاکە بووە. هەروەها گەورەترین شۆڕش کە شۆڕشی نیۆلۆتیک (کشتووکاڵ و شوانکارەیی) لەسەر ئەم خاکە داهێنراوە. بە زمانی ئەوروپایەکان شارستانیەت لێرە پێشکەوتووە. لە ئاینە تاك خوداییەکانیشدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم ڕاستیە ئاماژەی پێکراوە، لە ناو داستانە ئەفسانایەکانی خۆرهەڵاتی ناوینیش ئەم ڕاستیە بەدی دەکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە بڵاوکردنەوەی ڕووی ڕاستی لای ڕۆژئاواییەکان زۆر ئەستەمە، ناکرێت و نابێت. ئەگەر ئەم ڕاستیانە بخەنە ڕوو واتە نکۆڵی لە شارستانیەت و پێشکەوتووخوازی خۆیان دەکەن.

تا سەردەمێك مێژووی ئازادی و سەروەریەکانمان لە ناو زبڵدانی مێژووی دەسەڵاتداراندا بتلێنرێتەوە، ئەوا ئەرکی تۆمارکردنی کۆی شکۆمەندی، سەرفرازی و سەروەری گەلەکەمان لە ئەستۆی ئازادیخوازان دایە. مێژووی هەر گەلێک شوناسی ئەو گەلەیە. چاند و کلتووری هەر گەلێک مۆرکی خۆی لە مێژووی ئەو گەلە دەدات. چاند؛ ناسنەمەی هەر گەلێکە. بۆیە گەلی کورد و گەلانی میزۆپۆتامیا بە پەیوەستبوونیان بە چاند و کولتورەوە لە مێژوودا خاوەن ڕۆڵ بوون و ئەمڕۆیان خۆڵقاندووە. لەو سۆنگەیەوە دەتوانین داستانی کاوەی ئاسنگەر لە داستانێکی ئەفسانەویەوە بۆ داستانێکی قارەمانانەی بە نرخی گەلەکەمان ڕاست بکەینەوە. کاوەی ئاسنگەر مرۆڤێکی بوێری گەلی مەدیا بووە. ئاسنگەر هەر لە کۆنەوە پیشەی جوامێران یان ئەسڵ زادەکان بووە. زوحاک یان دەحاک پادشایەکی زۆرداری داگیرکەری مەدیا بووە. دەگوترێت زوحاک کە خۆی لە نەتەوەی تورانی واتە تورک بووە، کە لەو کاتەدا پادشایەتی ئاشوریەکانی کردووە. لە بابەتی زوحاک دا دەگوترێت کە زوحاک

دوو مـاری لەسـەر شـانبووە، دەکرێـت ئەمـە لێکچوواندنـی زوحـاک بێـت بـۆ ترسـاندنی خەڵـک. ڕاسـتە لـە سـەر شـانی زوحـاک دوو مـار نەبـوون، بەڵکـو دەبێت لـە جیاتـی ئـەو دووماره دوو بریـن بووبێـت کـە زوحـاک ویسـتوویەتی لـەو کاتەدا بەمـە خەڵکـی پـێ بترسـێنێت و ورەیـان بروخێنێـت. زوحـاک لـە ژێـر ئـەم نـاوەدا بـە هـەزاران گەنجـی کـوردی کوشـتووە، زوحـاک بـەو شـێوەیە ویسـتوویە هەمـوو گەنجـی مەدیـا بکوژێـت و کۆمەڵـگای ئـەو کاتـەی مەدیـا لاواز بـکات و بەتەواوەتی بخاتـە ژێرکۆنتڕۆڵـی خۆیـەوە. زوحـاک چەندیـن سـاڵ لەسـەر کوشـتنی گەنجانـی مەدیـا بـەردەوام بـوو و خوێـن و مێشـکی گەنجانـی بـۆ سـارێژکردنی دووبرینەکـەی سەرشـانی بـەکار دەهێنـا. تـا ئـەو کاتـەی سـەرەی دوو کوڕەکـەی کاوەی ئاسـنگەر هـات، کاوەی ئاسـنگەر ئـەو زوڵـم و زۆرداریـەی زوحـاک قبـووڵ نـاکات و دژ بـە زۆڵـم و زۆرداری رادەپەڕێـت و کۆتایـی بـە زیهنیەتـی داگیـرکاری زۆحاکـی زاڵـم دێنێـت. لـەو ڕۆژ بـەدواوە زوڵـم و سـتم و داگیـرکاری هـەرەس و شکسـتی هێنـا. بەمـەش کاوەی ئاسـنگەر مـوژدەی شـادی و خۆشـی و ئارامـی بـۆ گەلـی مەدیا هێنا. کاوەی ئاسـنگەر نوێنـەری ئـەو کاتـەی گەلـی مەدیـا بـووە و دوای کوشـتنی زوحـاک دەسـەڵات ناگرێتـە دەسـت. بەڵکـۆ وەک نوێنـەری گەلانـی مەدیـا لـە دژی زۆرداری و داگیرکـەری زوحـاک پێشـەنگایەتی سـەرهەڵدانی نـەورۆزی کرد. ئەمە مشـتێک لە خەرمانـی ئـەو داسـتانەیە، دەبێـت تـەواوی داسـتانەکە زیاتـر و دەوڵەمەندتـر بێـت کـە مـن نـەم توانـی بێـت بەباشـی وێنـای بکـەم. بـەڵام ڕاسـتیەکەی ئەوەیـە کـە کاوەی ئاسـنگەر نموونـەی جوامێرێکـی ئەوسـای گەلـی مەدیـا بـووە. ئـەم ڕووداوە لـە نـەورۆز و هـەر سـاڵ بـە کردنـەوە ئاگـری نـەورۆزی زیاتـر ڕاسـتینە مێژوویەکەی ئاشـکرا دەبێـت. ئەوانـەی ئـەم ڕاسـتیەیان پـێ قبـوڵ ناکرێـت دەتوانـن چاوێـک بـە مێـژووی کوردسـتاندا بخشـێنن ئـەوا نموونـەی سـەدان جوامێـری وەک کاوەی ئاسـنگەر و زوحاکـی زاڵـم و داگیرکـەر دەبینـن.

گەلـی کـورد وەک پێشـەنگی گەلانـی مەدیـا سـاڵ لـە دوای سـاڵ بـە سـەرهەڵدان و بەرخۆدانێـک نەورۆزیـان تاجـدار کـردووە. دوای تێپەڕبوونـی ٢٧١٩ سـاڵ ئەگـەر ئەمـڕۆ چاوێـک بـە کوردسـتان و ئـەو خاکـە بخشـێنین کـە گەلانـی مەدیـای تێـدا

ژیاوە، ئەوا بە دەیان زاڵم و سەردەستی و داگیرکەری تێدا دەبینین، کە هاوشێوەی زوحاکی دوێنێن، ئەمڕۆ خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتیمانە دەڕێژن. لە بەرامبەریشدا دەبینین کە لە بەرامبەر زوحاکی سەردەمدا بەهەزاران عەگید و جوامێری وەک کاوەی ئاسنگەر لەناو تێکۆشاندان. گەلی کورد وەک پێشەنگی گەلانی مەدیا و دوای سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر و بونیادنانی کۆنفیدراسیۆنی مەد هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بۆ بە دەست هێنانی مافی ڕەوای خۆی و گەلانی چەوساوەی ناوچەکە، هەمیشە لە ناو هەوڵدان و تێکۆشاندا بووە. چۆن نەورۆز بە واتای پەیامی سەرکەوتنی ئازادی بەسەر عەقڵیەتی زۆڵم و زۆرداریيە، ساڵ لەدوای ساڵ گەلی کورد هاوشانی گەلانی مەدیاییدا بە مزگێنیەک نەورۆزیان پیرۆز کرد.

دوای شۆڕشی نوێ کوردستان بە ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێبەر ئۆجالان، نەورۆز بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە ساڵ لەدوای ساڵ پیرۆز دەکرێت. یەکەمین پەیامی تێکۆشان لە نەورۆزی ١٩٧٣ لەلایەن تێکۆشەرانی پەکەکە، ناسنامەی نەورۆز و خۆراگری و شۆڕشی نوێ ئاوێتەی یەک دەکرێن. مەزڵوم دۆغان لە ئاداری ١٩٨٢ دا بە چالاکیەکی گیانبازانە ڕۆحی کاوەی ئاسنگەری زیندوو کردەوە. دواتر ڕەهشان دەمرەل و زەکیە ئاڵکان بە جەستەیان ئاگری نەورۆز هەڵدەکەن و واتایەکی نوێیان بە نەورۆز بەخشی. لەم ساڵیشدا هەمان ڕۆحی خۆراگری لە زینداندا لە کەسایەتی میلیتانی شۆڕش زولکوف گەزەندا بەرجەستەبوو. نەورۆزی کوردان لە دوای چالاکی گیانبازانەی تێکۆشەرانی گەلی کوردەوە ساڵ بەساڵ جۆش و خرۆشی زیاتر و بەواتا تر دەبێت .

نەورۆز تەنیا بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی کوردستان نیە، بەڵکوو هەر لە نەورۆزی کاوەی ئاسنگەرەوە هەتا نەورۆزی مەزڵوم دۆغان و زولکوف گەزەن، نەورۆز گورزێکی کوشندەیە بۆ هەموو زوحاک و داگیرکەرێکی کوردستان. داگیرکەرانی کوردستان لە باشوور، باکوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ساڵ لەگەڵ هاتنی بەهار و نەورۆز دا پایەکانی دەسەڵاتیان دەلەرزێت. هەر بۆیە دەوڵەتی داگیرکەری ئێران، دەوڵەتی

فاشیستی تورکیا، رژێمی بەعسی سوریا و عێراق هەر لە کاتی دامەزراندنیانەوە هەر ساڵ لەو قۆناغەدا ترسێکی گەورەیان لێ دەنیشێت، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە بەرامبەر یەکتریدا ناکۆکیەکی زۆرجددی مێژوویان هەیە، کەچی لە بەرامبەر گەلی کوردا تەواوی داگیرکەرانی کوردستان لەیەک بەرەدا لە هەوڵی پاکتاوکاری گەلی کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازیەکەی دان. هەر بۆ ئەو مەبەستەش گەلەکەمان لەو ڕۆژە پڕشکۆدارەدا بە یەکێتی و یەکڕیزی وڵام دەدەنە داگیرکەران و هەر ساڵەو بە سەرکەوتنێک ئەم رۆژە پیرۆز دەکەن.

# ئامانجی تورکیا لە داگیرکردنی قەندیل

## داگیرکردنی باشووری کوردستانە

دەوڵەتی تورکیا بە پێشەنگایەتی ئاکەپە و مەهەپە، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی دۆڵمە باخچە، بۆ لە ناوبردنی کوردان رەوتێکی نوێیان لە سیاسەتی فاشیستانە پەیڕەو کرد. دواتر ئەردوغان و باخچەلی لە دژی هەموو دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان، سیاسەتێکی نوێیان دەست پێکرد و هەموو شێوازێکی فاشیزمیانەیان بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد تاقیکردەوە. شایەنی بە بیرهێنانەوەیە کە سیاسەتی فاشیستانەی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی تورکیا هەمیشە بۆ سەرکوتکردن و لە ناو بردنی گەلی کورد لە کوردستان بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی بووە. رژێمی ئێستای ئاکەپە و مەهەپەش هەمان سیاسەتی فاشیستانە بەڕێوە دەبەن، سیاسەتی فاشیزم دیموکراسی و فاکتەرەکانی دیووکراسیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کار دەهێنن. بە پێی یاسای هەڵبژاردن لە تورکیا دا پێویست بوو کە لە مانگی ١١ ساڵی ٢٠١٩ دا، هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت، پێش خستنی وادەی هەڵبژاردن بۆ چەند مەبەستێک دەگەڕێتەوە؛ مەبەستی سەرەکی لەو سیاسەتە ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە فاشیستەی کە لە ئێستادا، تورکیا بەڕێوە دەبەن، درێژ بکرێتەوە، لایەنێکی تری پێشخستنی ئەم هەڵبژاردنە بۆ درێژکردنەوە رەوشی ئاوارتە ( باری نائاسایی)یە لە تورکیا دا. ئەردوغان دەخوازێت لە ناو کەش و هەوای باری نائاسایی دا، پێگەی دیکتاتۆربوونی خۆی بە دەست بهێنێت. لەبەر ئەوە سیاسەتی فاشیستانەی خۆی بەسەر حکومەتی تورکیادا دەسەپێنێت و بەمەش دەیەوێت کە دەوڵەتی کۆماری تورکیا بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دیکتاتۆری. لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەی ئاکەپە و مەهەپە دا، هەدەپە نموونەی پارتی گەلانە لە تورکیادا و بەرهەڵستکاری ئەو سیاسەتە فاشیستەی ئەردوغان و باخچەلی دەکات. هەدەپە وێڕای ئەوەی زیاتر

لـە ١٠ هـەزار ئەنـدام و لایەنگریـان لەنـاو زیندانەکانـی تورکیـا دایـە، لـە ئێسـتادا بـە هێزتریـن ئۆپۆزسـیۆنی گۆڕەپانـی تورکیایـە. هەڵمەتـی پروپاگەنـدەی هەڵبژاردنەکان، سـەرکەوتن لـە ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـدا دیـاری دەکات، هەدەپـە لـە کاتێکـدا کـە زۆرینـەی کادیـران و لایەنگرانـی لـە زیندایـە، دەبینیـن کـە زۆرتریـن و جەماوەریترین هەڵمەتـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـەکان بەڕێـوە دەبـات، ئەمـەش نیشـاندەری ئەوەیـە کـە هەدەپـە نوێنـەری راسـتەقینەی گەلانـی تورکیایـە و خاوەنـداری لـێ دەکرێـت.

دەوڵەتـی تورکیـا لـە دوای هەڵوەشـاندنەوەی دۆڵمـە باخچـە، شـەڕی دژ بـە گەلـی کـوردی بـۆ قازانـج کردنـی دەنگـی نـەژاد پەرەسـتەکان لـە تورکیـادا دەسـتپێکرد. دوابەدوای پرۆسـەی ئاشـتی و دەسـتپێکردنی شـەڕ، بە دەستپێشـخەری حکومەتەکەی ئەردۆغـان ئیـدی گەلـی کـورد بـاوەڕی بـە سیاسـەتی ئاکەپـە و مەهەپـە نەمـا بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشـەی کـورد. لـە کاتێکـدا کـە بـە فەرمـی دەوڵەتـی تورکیـا شـەڕی لـە دژی کـوردان راگەیانـد، گەلـی کوردیـش هەنـگاوی شـەڕی گەلـی شۆڕشـگێری دەسـت پێکـرد. پرۆسـەی خۆسـەری دیموکراتیکیـان راگەیانـد. راگەیاندنی ئـەم قۆناغە ترسـێک بـوو بـۆ سـەر دەسـەڵاتی ئەردۆغـان، هـەر بۆیـە دەوڵەتـی فاشیسـتی تورکیـا وەک هەمیشـە دەسـتی کرد بـە جێبەجێکردنی سیاسـەتی قڕکردنی کوردان، شـارەکانی باکـووری کوردسـتانی بۆمبـاران کـرد. بـە وەحشـیترین شـێواز و بـە هەمـوو تەکنیکـی خۆیـەوە رووبەڕووی خەڵکی سـڤیل بووەوە. شـوێنەوارە دێرینەکانی هەڵوەشـاندەوە، کـە تێیانـدا خاپـوور بوونـی شـارەکانی شرنـاخ، سـلۆپی و سـوری ئامـەد، نموونـەی بەرچـاوی سیاسـەتی وەحشـیانەی ئەردۆغان بوو، سـووتاندنی خەڵکی سـڤیلی بێتاوان لـە ژێرخانەکانـی جەزیـرەی بۆتـان، قەتـڵ و عـام کردنـی منـداڵان، هەڵوەشـاندنەوە گـۆڕی گۆڕسـتانەکان، کوشـتن و قەتڵکردنـی ژنـان، زیندانـی کردنـی دەنگـە ئازادەکان و هتـد. ئەمانـە نموونـەی بەرچـاوی کرێـاری فاشـیزمی دەوڵەتـی تورکیـا بـوو لـە دژی گەلـی کـورد. فاشـیزمی ئاکەپـە و مەهەپـە لـە ئاسـتێک دایـە کـە تەنیـا بـۆ نەهێشـتن و پاکتاوکردنـی گەلـی کـورد لەگـەڵ وەحشـیترین هێـزی سـەردەم کـە داعشـە، لـە نـاو پیـلان و هاوکاریـدا بـوو، چ لـە رۆژئـاوای کوردسـتان یـان لـە باکـووری کوردسـتان، ئـەو وێرانکاریـەی کـە لـە باکـووری کوردسـتان کـرا بـە دەسـتی چەتەکانـی داعـش و

چەتەکانی ئەردۆغان بوو. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٣ ساڵ فاشیزمی ئاکەپە و مەهەپە بۆ سەلماندنی ڕەوتی فاشیزم بوونیان هەموو ڕێبازێکی فاشیستیان پەیڕەو کرد. فاشیزم، فاشیزمە، گۆڕانکاری تێدا نییە، کردار و ڕەفتارەکانی ئەردۆغان ئاستی هەرە بەرزی فاشیزم نیشان دەدات.

وەک گەلی کورد، ئێستا لە ساتەوەختێکی هەرە گرنگی مێژووییماندا دەژین. لە مێژووی گەلی کوردا، ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر هەیە، گەلانی ئاریایی لە دژی زوحاکی ئەو سەردەمە، بە پێشەنگایەتی کاوەی ئاسنگەر هەتا تێکشکانی ئەو زاڵمە بەرخودانیان کرد. ئەگەر ئەمڕۆ سەیری باروودۆخی کوردستان بکەین، دەبینین کە ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی، هەمان زوحاکی ناو ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرە، تەنانەت مرۆڤ دەتوانێت ئەو پێناسەیەی کە بۆ زوحاک لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەردا کراوە، بۆ ئەردوغان بەکار بهێنێت، لە کوردەواری دا دەوترێت: "پڕ بە پێستیەتی". گەلی کورد هاوشێوەی مێژووی خۆی، ئەمڕۆ لە دژی زوحاکی سەردەم لە ناو بەرخودان دایە. ئێستا گەلی کورد بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، تورکیا وەک نموونەی پرۆژەی سەرمایەداری، دەیەوێت تەواوی ناوچەکە داگیر بکات، لە هەمان وەختیشدا بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد، هەنگاوی داگیرکردنی کوردستانی دەست پێکردووە. لە پێش چاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕۆژئاوا بە بانگەشەی دیمۆکراسیەوە، هێرشی عەفرینی کرد. گەلانی عەفرین و شەڕڤانانی ئازادی بەرخودانێکی مێژوویان لە دژی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیادا بەڕێوە برد، بەڵام لێرەدا پێویستە مرۆڤ بپرسێت، کە ئەگەر هاوکاری نێودەوڵەتی نەبوایە، تورکیا دەیتوانی عەفرین داگیر بکات؟ بۆچی ئەمریکای باوکی دیموکراسی لە بەرامبەر داگیرکاری دەوڵەتی تورکیادا بێدەنگ بوو و تەنانەت لە هەندێک ناوچەیش دا، ڕێخۆشکەری بۆ هاتنە ناوەی تورکیا کرد؟ پێویستە مرۆڤ بپرسێت کە مافی مرۆڤی ئەوروپا بۆ نەیتوانیوە تاکوو ئێستا ڕاپۆرتێک لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە عەفرین بڵاو بکاتەوە؟ ڕاستیەکی مێژوویی لێرەدا شاردراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە درێژایی مێژوو، بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، جیهان لە ناو پیلانگێڕی دا بوون. ڕووسیا، ئێران لە بەر کام بەرژەوەندی، لە سووریا هاوکاری

تورکیایـان کـرد؟ بـێ گومـان ئـەم بـێ دەنگـی و چاوگرتنـە لـە بەرامبـەر فاشـیزمی دەوڵەتـی تورکیـا، هـۆکار و پاڵنـەرە کـە دەوڵەتـی تورکیـا داگیـرکاری زیاتـر لـە ناوچەکە بـە گشـتی و کوردسـتان بـە تایبەتی بـکات. دەوڵەتی تورکیـا وەک وڵاتێک کـە ئەندامی ناتۆیـە، بەبـێ هـاوکاری ناتـۆ ناتوانێـت هەنگاوێـک بهاوێژێـت. بـێ دەنگـی وڵاتانـی ناتـۆ، ئـەوە نیشـان دەدەن کـە چەنـد سیاسـەتێک، وەک کۆنسـێپتێک لـە دژی گەلـی کـورد و تەڤگـەرە ئازادیخوازیەکـەی بەڕێـوە دەبردرێـت. پێویسـتە ئـەوەش بوترێـت کـە ئەمـڕۆ تورکیـا، ئامـرازی جـێ بەجـێ کردنـی سیاسـەتەکانی ناتـۆ لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستە.

دەوڵەتـی فاشیسـتی تورکیـا وەک پڕوپاگەنـدەی هەڵبـژاردن، هەڕەشـەی داگیرکردنـی قەندیـل دەکات و لـە ئێستاشـدا هێزەکانـی خـۆی لـە باشـووری کوردسـتان بـڵاو کردووەتـەوە، بەشـێکی باشـووری کوردسـتانی داگیـر کـردووە. هەڕەشـەی داگیرکردنی قەندیـل لـە کاتێکدایـە کـە دەوڵەتـی تورکیـا، سـنووری بـارزان و برادۆسـتی داگیـر کـردووە. ناوەنـدی شـەڕی لـە دهـۆک و ئامێـدی کردووەتـەوە. دەوڵەتـی تـورک لـە خەڵکـی بنـاری قەندیلیـش زیاتـر شـارەزای جوگرافیـای قەندیلـە. هەمـوو سـەرۆک ئەرکانـی دەوڵەتـی فاشیسـتی تورکیـا، هەمیشـە ئەوەیـان وتـووە کـە لـە بـەر ئـەوەی قەندیـل دۆڵ و چیـای زۆر سـەختی تێدایـە، ناتوانـن هێرشـێکی ئەنجامگیـر ئەنجـام بـدەن. لێـرەدا مەبەسـت لـە داگیرکردنـی قەندیـل، داگیرکردنـی باشـووری کوردسـتانە. هێـرش بـۆ سـەر قەندیل، تاکتیکـی هەڵبژاردنەکانی تورکیایـە، بەڵام داگیرکاری باشـوری کوردسـتان پڕۆژەیەکـی سـتراتێژی گرنگـە بـۆ تورکیـا. لـە ئێسـتادا، تورکیـا دەیەوێـت بە ڕۆژەڤ کردنـی قەندیـل، پرۆژەی سـتراتیژی خۆی کە داگیرکردنی باشـووری کوردسـتانە، پێکبهێنێـت. ئاشـکرایە کە باشـووری کوردسـتان ٢٧ سـاڵە لە لایـەن دەوڵەتـی تورکیاوە داگیـر کـراوە. تەنیـا بـۆ دژایەتـی کردنـی تەڤگـەری ئازادییە کـە تورکیا پێگە و قـەوارەی هەرێمـی باشـوری کوردسـتانی قبـوڵ کـردووە. گرینگـە وەبیـر خۆمانـی بهێنینـەوە کە یەکەمیـن بڕیـاری پەڕلەمانـی باشـووری کوردسـتان کە لـە سـاڵی ١٩٩٢ دەرکـرا، بڕیاری هێرشـکردنە سـەر PKK بـوو، ئاشـکرایە کـە تـا چ رادەیەک، دەسـەڵاتدارانی باشـووری کوردسـتان لـە ژێـر هەژموونـی دەوڵەتـی تورکیـا دان. ٢٧سـاڵە هەرێمـی باشـووری

کوردستان، بەشێکی سەرەکی لە پڕۆژە و سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا جێ بەجێ دەکات. زیاتر لە ١٥ بنکەی سەربازی دەوڵەتی تورک لە ناو خاکی باشووری کوردستاندا هەیە. وێڕای ئەوە، کەل و پەلی تورکی، بازاڕی باشووری کوردستانیان قۆرخ کردووە. ئەم قۆرخکاریەی دەوڵەتی تورکیا لە کاتێکدایە، کە تەواوی ئەو کاڵایانەی دەنێردرێتە باشووری کوردستان، لە تورکیادا هیچ قیمەت و ئەرزشێکیان نییە و زۆرینەی کاڵاکان ساختەن، بێ کوالیتەن، تەنانەت گەرەنتی تەندروستیشیان نییە .

بێ دەنگی دەسەڵاتدارانی هەرێمی باشوری کوردستان لە بەرامبەر داگیرکردنی خاکی باشوری کوردستان، لە کاتێک دایە کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، وەک ئۆرگانێکی MIT ی دەزگای هەواڵگری تورکیا، سیاسەتێکی دژ بە تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد، بەڕێوە دەبات. بەشێک لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، بە تایبەت ئەو باڵەیان کە لە هەولێر دا بەهێزە، ڕاستەوخۆ لە ژێر پەیڕەوی پارتی دایە و ئەجندای تورکیا، جێ بەجێ دەکات. لایەنەکانی تریش لە باشوری کوردستاندا لەبەر لاوازیان لە ئاستی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دا، بێ هەڵوێستن و بێ خەمانە بێ دەنگیان هەڵبژاردووە. لە مێژووی پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا، زۆرجار بووە کە ناڕاستەوخۆ سیاسەتی دژە کوردی پەیڕەو کردووە. بۆیە پێویستە ڕێگری لە سیاسەتەکانی پارتی بکرێت، چونکە ئەمڕۆ گەلی کورد لە دژی داگیرکەری، لە ئاستی هەرە بەرزی تێکۆشاندایە. پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، سیاسەتی دژە شۆڕشی کوردستان بەڕێوە دەبات. گەلی باشووری کوردستان ئەمڕۆ خاوەن هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتین، باش دەزانن کە گێژاوی سیاسی باشووری کوردستان، کێ دروستی دەکات! دوا بە دوای هاتنی گەریلاکانی ئازادی کوردستان بۆ کەرکووک و شەنگاڵ، گەلی باشووری کوردستان، زیاتر ئاشنای گەریلا و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ بوون. پاراستنی کەرکووک و شەنگال لە لایەن گەریلاوە، هێز و ئیرادەی بە گەلی باشوور دا. کاتێک کە هێزەکانی دوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان لە شەنگاڵ و کەرکوک ئاشبەتاڵیان کرد، گەریلا بوێرانە بە پاڵپشتی گەل، خۆڕاگری کرد و ئەو ناوچانەی

پاراست. خۆڕاگری گەریلا لە گەڵ گەلی بەرخودێر، ئەمڕۆ لە قەندیلیشدا هاوشێوەی شەنگاڵ و کەرکوک بەواتا دەبێت. قەندیل بۆ باشووری کوردستان قەڵای بەرخودان و سەکۆی ئازادیە. لە مەیدانی ئازادی قەندیلدا، گەل و گەریلا شۆڕشگێرانە، شەڕڤانی پاراستنی وڵاتن و خۆڕاگری دەکەن. پێویستە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەو راستیە بزانن کە ئەگەر هێزی ئەوان چاو لە داگیرکردنی قەندیل بکات، یان هاوکاری دوژمن بکات، گەلی باشووری کوردستان خۆبەخشانە چۆن پاراستنی خۆیان تاکوو ئەمڕۆ کردووە، لەمڕۆ بە دواوەش، لەو ڕێگایەدا دەبنە شەڕڤانی ئازادی. کاروانی خەڵکی خۆڕاگری باشووری کوردستان بۆ قەندیل و بەشداری ژنان و گەنجان لە خۆڕاگری قەندیل دا، ئیرادەی دوژمن لاواز دەکات، خۆڕاگری گەل و گەریلا داگیرکەری دەوڵەتی تورکیا تێکدەشکێنێت.

ئەنجامی هەڵبژاردن لە وڵاتێکی وەک تورکیا ئاشکرایە، مومکین نییە کە لە ژێر دەسەڵاتداری ئاکەپە و مەهەپە دا دیمۆکراسی پەیڕەو بکرێت و هەڵبژاردنێکی راست و دروست بەڕێوە بچێت. ئەگەر ئەردۆغان و باخچەلی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکەن و بە ڕاشکاوانە ئەنجامەکانیان بڵاو بکەنەوە، ئەگەری سەرکەوتنی هەدەپە و تێپەڕاندنی بەندی هەڵبژاردن هەیە. لە ئەگەری ئەوەی کە هەدەپە بەندی  هەڵبژاردن تێپەڕ بکات یان لە ژێر ئەو بەندەدا بمێنێتەوە، هیچ گۆڕانکاریەک لەسەر پرۆسەی ڕەوشی ئاوارتە لە تورکیادا دروست ناکات. فاشیسم دژبەری دیمۆکراسیە، لەبەر ئەوە لە هەر ئەگەرێکدا، فاشیسمی ئەردۆغان دەمێنێتەوە. تەنها ڕێگا  بۆ تێکشاندنی فاشیسمی ئاکەپە و مەهەپە، دروست کردنی بەرەیەکی بەهێز لە هێزی گەلانی تورکیایە. فاشیسم تەنها و تەنها بە خۆڕاگری لە ناو دەچێت. خۆڕاگری گەلانی تورکیا بە پێشەنگایەتی و بەرخۆدانی گەلی کورد، فاشیسمی تورک کە ئاڵا هەڵگری ئەو رەوتە، ئەردۆغان و باخچەلی یە، تەفر و توونا دەبێت.

# بەشی دووەم

## ڕاپۆرتەکانی شەهیدملیتان

# ڕاپۆرتی ڕەخنە و ڕەخنەدان بۆ بەڕێوەبەری چاپەمەنی

هەڤاڵانی هێژا ماوەی ٣ی ساڵە ڕێکخستن دەرفەتی ئەوەی پێ داوم کە لە ناوەندێکی هەرە هەستیاری تەڤگەردا کە ڕاگەیاندنە، کار و خەباتی شۆڕش ڕاپەڕێنم. پێشتر لە خەباتی لەشکەری، پەروەردەیی، خەباتی گەل و گەنجاندا کار و باری شۆڕشم ڕاپەڕاندووە. بەڵام خەباتی ڕاگەیاندن واتایەکی نوێ بە ژیان و تێکۆشانی شۆڕشگێڕی من بەخشیوە. مانەوە لە ناو خەباتێکی بەم شێوەیە مرۆڤ پەروەردە دەکات، کادیر پێ دەگەیەنێت، پێشەنگ بونیاد دەنێت. لەبەر ئەوەی ئەو پەڕی توانام دەخەمە گەڕ تا ئەو دەرفەتەی بۆم ڕەخساوە، بە باشی هەڵیبسەنگێنم و کەسایەتم لەسەر زیهنیەتی شۆڕش بگۆڕم و پێشبخەم، تا بەم شێوەیە بە هەموو هێز و توانامەوە ئەرکی ڕێکخستن و گەلەکەم ڕاپەڕێنم و ئامانج و ئیستراتیژی ڕێکخستن بخەمە بواری جێ بەجێکردنەوە.

ڕەوشی سیاسی و لەشکەری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی جیهانی سێهەم لەبەرچاوە. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم، واتە لەکۆتایی نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردووەوە بەتایبەت بە پێشکەوتنی ئەنتەرنێت و گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا، لەسەرتاسەری جیهان لۆژیکی شەڕ سەر لەنوێ پێناسە کراوەتەوە. پێشکەوتنی ئامێر و تەکنیک، تاکتیکی شەڕی لەئاستی جیهاندا گۆڕی.

دەرکەوتنی پەکەکە لەو قۆناغە هەستیارەدا، هاوشێوەی تەقینەوەی بۆرکانێک لە هەناوی دەریادا سەر سووڕهێنەر بوو. لە کاتێک دا کەسێک هیوای بە کوردبوون، ئازادی و تێکۆشان لەپێناو دەستەبەر کردنی ماف و ئیرادە نەمابوو، پارتیمان پەکەکە دامەزرا. لە کاتێک دا کەسێک جەسارەتی ئەوەی لانەمابوو کە

لەدژی هێزێکی داگیرکەر باسی دۆزی ڕەوای کورد بکات. پارتیمان بە قەڵەمبازی ١٥ی ئاب عەرشی دوژمنی هەژاند. دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئاشبەتاڵی بارزانی لەباشوور، باوەڕی بە خەباتی نەتەوەیی لەبار برا. یەکەکە لەو قۆناغەدا لە باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بوویەوەو هەستی کوردایەتی و تێکۆشانی ئازادیخوازی گەشاندەوە.

دوا بە دوای سیاسەتی ئەنفالی کورد لەباشوور و کیمیابارانی هەڵەبجە، ژن لەو پەڕی بێ ڕێزی دا ژیانی بە سەر دەبرد. دەرئەنجامی زهنیەتی دەسەڵاتداری پیاو، وەک کافر لەقەڵەم دەدرا و ڕووبەڕووی نیفرەت و تۆڵەی زهنیەتی دەسەڵاتداری پیاو تا بە ئەمڕۆ بووەتەوە. ئاوابوونی ئەرتەشی ژنان لە ناو یەکەکەدا ترس و دڵەڕاوکێی خستوەتە ناو دڵ و مێشکی دەسەڵاتدارانەوە.

لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت و سۆسیالیزمی بونیاد نراودا، بووژانەوەی سەرلەنوێ سۆسیالیزم لەناو یەکەکە هیوایەکی نوێی بە گەلان بەخشی. هەبوونی چەندین خاڵی بەهێزی تری پارتیمان بووە هۆکار کە پیلانگێڕیەکی جیهانی لەسەر ڕێبەراتیمان بەڕێوە ببەن. ڕێبەر ئاپۆ بە تێگەیشتن لە مێژوو، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ سەردەمی خۆی کرد و سەریهەڵدا. سەرجەم یاسا باوەکانی کۆمەڵگای تێکشکاند و سیستەمی هاوسەرۆکایەتی دامەزراند. ڕێبەر ئاپۆ بە ئاشکرا لەدژی هەر جۆرە کۆنەپەرستی و پاشڤەڕۆتی تێکۆشاو لەپێناو بونیادنانی تاکێکی هۆشیار و کۆمەڵگایەکی ڕێکخستن کراو هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ.

بە گەلەکۆمەی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ لەدژی ڕێبەر ئاپۆ، گەلەکەمان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ڕاپەڕین. کڵپەی ئەو ڕاپەرینەش هێندە بە هێز بوو کە وەرچەرخانێکی مێژوویی بە خۆیەوە بینی و چەخماخەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵگرساند. بیست و یەکەمین ساڵڕۆژی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی هاوکاتە لەگەڵ بیست و یەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتا ئێمە ئێستا لە بیست و یەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانداین. دەستکەوتی هەرە گرنگی ئەو شۆڕشەش، دامەزراندنی پژاک و

بونیادنانـی سیسـتەمێکی ئـازاد و دیموکراتیـک و دامەزراندنـی هێزی پاراسـتنی رەوا بـۆ رۆژهەڵاتـی کوردسـتانە.
لـە شـەڕی جیهانـی سـێهەمین دا راگەیانـدن وەک بـە کاریگەرتریـن چـەک بـە کار دەهێندرێـت. راگەیانـدن لـەم سـەردەمەدا زمانـی سیاسـەت و دیبلوماسـییە. گەرەنتـی سـەرکەوتنی شـەڕ پابەنـدی کاراکردنـی راگەیاندنـە. زلهێزانـی جیهـان و هێـزە ئیمپریالیسـتەکان لەبـەر ئـەوە ئەوەنـدە گرنگـی و بایـەخ بـە راگەیانـدن دەدەن. ئەگـەر سـەیری بودجـەی ساڵانەی هـەر دەوڵەتێـک بکەیـن، ئـەوا دەبینیـن کـە بودجـەی ڕاگەیانـدن لـە هیـچ یـەک لـە ئۆرگانەکانـی دیکـەی دەوڵـەت کەمـتر نیـە، هەتـا بگـرە زیاتریشـە. سیسـتەمی سـەرمایەداری جیهانـی بـێ هـۆ نییـە، وا داراییەکـی زەبـەلاح لـە راگەیاندنـدا خـەرج دەکات.
لـە یەکـەم ڕۆژی هاتنـم بـۆ خەباتـی ڕاگەیانـدن هەمیشـە لـە خـۆم پرسـیار دەکـەم کـە داخـۆ تـا چ ئاسـتێک دەتوانـم پیوانەکانـی رێکخسـتن لەکەسـایەتمدا بەجـێ بهێنـم و یـان بیـان پارێـزم؟ ئـەوە پرسـیارێکە کـە هەمیشـە لەخۆمـی دەپرسـم. کار و خەباتـی راگەیانـدن هـەر لەسـەرەتای گرووپـی سـەرەتایی پارتیـمان و بـە دەسـتی رێبـەر ئاپـۆ و هەڤـاڵ مەزلـوم دۆغـان دامـەزراوە.
بـەو تێگەهێشـتنەوە خەباتـی ڕاگەیانـدن بـۆ مـن بایەخێکـی جیـددی و گرنگـی هەیـە. لـەو پێنـاوەدا بـە گـوڕ و تینـەوە هەمـوو هەوڵێکـی خـۆم بـۆ راپەڕاندنـی ئەرکـی سەرشـانم خسـتووەتە گـەڕ. هاوتەریبـی ئـەوەش لەبـواری چانـد و ئەخـلاق، زانابـوون و هۆشـیاریەوە خەباتـی ڕاگەیانـدن زۆر شـتی پـێ بەخشـیوم. لـە هەمـان کاتیشـدا بـە هـۆی ئاوێتەبوونـی نابەجـێ و بـە کار نەبردنـی زانسـتیانەی تەکنیکـی ڕاگەیانـدن، گەورەتریـن بەهـاو و نرخـی لـێ زەوت کـردووم، ئەویـش هێـزی واتا دان و کوشـتنی هەسـت و سـۆزەکان بـوو. لەبـەر ئـەوەی زانابوونێکی ئەوتۆم لـەو کارەدا نەبـوو، هۆگـری و حـەزم بـۆ ئـەم خەباتـە هـۆکاری چەکەرەکێشـانی ئـەم هەڵەیـەم بـوو.
لەتەمەنـی منداڵیمـەوە فێـری ئـەوە بـووم کە هەرگیز شکسـت و بن کەوتـن قەبووڵ نەکـەم. لەسـەردەمی منداڵیم دا کاتێـک لەکارێکـدا دەدۆڕام، نەدەگەڕامـەوە ماڵەوە

تا دۆڕاندنەکەم قەرەبوو نەکردبایەوە. لەبەر ئەوە زۆرجار لە بەر پێشێل کردنی یاسا و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگا سەرکۆنە دەکرام. بۆیە تا بە ئەمڕۆ نەمتوانیوە لەو تایبەتمەندییە خۆ قوتار بکەم.

بابەتێکی تر کە هەمیشە من تووڕە و خەمبار دەکات ئەوەیە کە لەناو ریزەکانی تێکۆشان رۆژانە شەهید دەدەین. ئەم بابەتە زۆر پەستم دەکات و ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر رۆخساری من دادەنێت و زۆربەی هاڤاڵان ئەوەش دەبینن، بەڵام هەر کەس وا بە ئاسانی لەوە تێناگات کە چ لەناخمدایە. تایبەت شەهادەتی هەڤاڵ هەڵمەت تووشی شۆکی کردم.

لە ژیانی کۆمەڵگادا زۆر کەس بە بەرچاومەوە کوژراون، مردوون یان شەهید بوون. بەشێکی زۆریشیان کەس و کار و خزم، دۆست و برادەرم بوون، بە گیان لەدەست دانیان تووڕە دەبووم، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەدەکردە سەر کەسایەت و ژیانم. من باوکم لەبەر سیاسەتی بنەماڵەی بارزانییەوە لەدەست داوە. ئەو فەقیرە ئێستاش ژیان دەکات. لەبواری فکری ناکۆکی قووڵمان لەگەڵ یەک هەبوو و لەبەر ئەندام بوونی لە پەدەکەدا زۆر قەبووڵم نەدەکرد و ئەوەش کاریگەری لەسەر رەفتارم لەبەرامبەر باوکم دانابوو.

لە ناو ریکخستندا هەڤاڵ هەڵمەت جێگای ئەو باوکە بێ ڕۆحەی بۆ من گرتبوویەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەڤاڵی یەک بووین، بۆمن وەک باوکێک وابوو. چون هەمیشە دەستی دەگرتم، فێری ژیانی دەکردم، رەخنە و ئامۆژگاری دەکردم، رێنمایی هەر جۆرە ئاکار و کردارێکی باشی دەکردم. شەهید هەڵمەت هەڤاڵێکی دڵسۆز و خۆنەویست بوو. پێش ئەوەی کە بەشداری ناو ریزەکانی گەریلا ببم، راستە هەڤاڵانم دەناسی، بڕوا و متمانەی تەواوم بە سەرۆکایەتی هەبوو. بەڵام هەڤاڵ هەڵمەت ڕێنمایی و پێشنیازی بۆ من کرد کە بەشداری ناو ریزەکانی گەریلا ببم و بە کاریگەری هەڤاڵ رووم لەشاخەکانی کوردستان کرد.

بۆ ئەوەیە کە شەهادەتی هەڤاڵ هەڵمەت بۆ من وەک شکستێکی قورسە. ئەوە راستیەکە کە لە تێکۆشان و شەڕدا شەهیدبوون هەیە. بەڵام وا بە ئاسانی

ناتوانـم شـەهیدبوونی هەڤـاڵ هەڵمـەت لەبـەر سـیخوڕی و ناپاکـی پ.د.ک قبوڵ و هـەرس بکـەم. ئەمـە بـۆ دووهەمیـن جـارە کـە پەدەکـە و بنەماڵـەی بارزانـی باوکی منیـان کوشـتووە. بۆیـە لەسـاتی بیسـتنی شـەهادەتی هەڤـاڵ هەڵمـەت مۆڕاڵـم دارمـا و تووشـی شـڵەژان بـووم. ئـەو شـەهادەتە بەدەسـتی کـوردی چڵکاوخـۆر، سـیخوڕ و بێشـەرەفەوە کـراوە. بۆیـە تا ئێستاشـی لەگـەڵ بێت رق و کین و هەسـتی تۆڵەسـەندنەوە، نـاخ و ڕوخسـاری داگرتـووم. مـن ناتوانـم وا بـە هاسـانی بچوکتریـن رووداوی دڵتەزێـن لـە یـاد بکـەم. بۆیـە لـەوە دڵنیـام کـە بچووکترین دەرفـەت ببینم تۆڵـەی جەسـتەیی لـە بکوژانـی هەڤـاڵ هەڵمـەت دەکەمـەوە. گەورەتریـن تۆڵـەش بـەردەوام بوونـە لەسـەر خەتـی شـەهیدان. لێـرەدا پەیـمان و بەڵێـن بـە شـەهیدان نـوێ دەکەمـەوەو بـۆ ئـازادی جەسـتەیی سـەرۆکایەتی و بونیادنانـی کۆمەڵگایەکـی ئـازاد خـاوەن ڕۆڵ بـم و ئەرکـی سەرشـانم بـە جـێ بهێنـم.

مـاوەی ٢ سـاڵە کـە لـە ناوەنـدی چاپەمەنـی پـژاک خەبـات دەکـەم و هەرگیـز خـۆم بـە میـوان سـەیر نەکـردووەو هیـچ کات هەسـتم بـە نامۆبوونـی خـۆم لـە هیـچ خەبـات یـان پارچەیەکـدا نەکـردووە. تایبەتمەنـدی مـن وەهایـە کـە ناتوانـم سـاتێکیش لـە جێگایەکـدا نامـۆ بـم. ئەمـە تەنهـا کێشـەیەک نییـە کـە بـە خەباتـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە سـنووردار بێـت، هەمـان کێشـە بـۆ خەباتـی پارچەکانـی دیکـەش دەربـاز دارە.

ئێمـە رێکخسـتنێکی شۆڕشـگێڕین و نـاوی شۆڕشـگێڕ و نازنـاوی شۆڕشـگێڕیمان لەسـەرە، بۆیـە دەبێـت بـە پـێ ئـەوە هەڵسـوکەوت بکەیـن. ئەگـەر هەڵسـوکەوتی مـن بـە پێـی هەڵسـوکەوتی شۆڕشـگێرانەی رێکخسـتن نەبـێ قبـووڵ و پەسـەند ناکرێـت و لەسـەر ئـەو فەلسـەفە خـۆم پـەروەردە دەکـەم.

من هیچ کات کەسـانی خۆپەرسـت، درۆزن و فێڵبازم خۆشنەویسـتووە و خۆشیشـم ناوێـن، وێـڕای ئـەوەش پێشـتر رقـم لە کەسـانێک بـووە کـە هەمیشـە دووڕوو بوون. نەمتوانیـوە ئـەو کەسـانەی کـە بـۆ مەرامـی تەنگـی خۆیـان خەریکـی خۆنواندنـن، قبـووڵ بکـەم. ئـەو کەسـایەتیانەی کـە خـاوەن ئـەو تایبەتمەندیانـە بوون، لـەلای من بـێ نرخـن و قسـەی بـاق و بریقەدارەکانیـان بـێ بنەمـان. چـون ئـەو جـۆرە مرۆڤانە

لەکاتی هەر جۆرە دژواری و نارەحەتیەکدا لە چاوتروکانێکدا دەچنەوە ئامێزی جەلادەکانیان. بۆیە ئەوەم بۆ خۆ بە بنەما گرتووەو هەرگیز ناتوانم لەگەڵ خۆم درۆ بکەم و کەسانی وام لەکوردستان خۆش بوێت. واتا لەحەقیقەتی ئەمڕۆی کوردستان شۆڕش، شۆڕشگێڕی دەوێت، بۆیە هەمیشە هەوڵم داوە لە ژیانم دا لە دژی ئەو چەمکانە تێبکۆشم.

لەکۆتایی دا دەتوانم بڵێم؛ هەرگیز ناتوانم نە درۆ لەگەڵ خۆم و نەلەگەڵ دەورووبەری خۆمدا بکەم. مرۆڤێکم کە هەستم لێوانلێوە لەڕق و کین، بەڵام بە ئامانج و هیواکانی خۆمەوە گرێدراوم. هیچ کات ناتوانم بڵێم شەهیدان هەموو شتێکی ئێمەن و کەچی ئامادە نەبم کارێکیان بۆ بکەم. ئەگەر شەهیدانمان خۆش دەوێت و دەمانەوێت لەسەر ڕێبازیان بەردەوام بین با هەر کەسێک لەلای خۆیەوە خاوەندارێتی لەرەنج و یادەوەریەکانی شەهیدان بکات. بێگومان هەوڵدانی من ئەوەیە کە بە دروست کردنی کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕ و بەهێز لەخۆمدا بتوانم لەبەرامبەر رەنج و کۆششی سەرۆکایەتی، شەهیدان، پارتی و گەلی شۆڕشگێڕی کوردستان ڕەخنەدانی خۆم بدەم.

لەگەڵ سڵاو ڕێزی شۆڕشگێری دا

میلیتان جودی

٢٠١٩/٧/٣٠



# بۆ پێکهاتەی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵات ڕاپۆرتی ڕەخنەدان

چوارساڵ بەسەر بەشدار بوونم بۆ ناو تەڤگەری ئازادی کوردستان تێدەپەڕێت. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا لە هەرێمەکانی گارە، خنێرە و قەندیل ماوم و لە ناو کار و خەباتی کۆمەڵەی گەنجان، هێزی لەشکەری، پەروەردەیی، خەباتی گەل و ڕاگەیاندندا ئەرک و بەرپرسیارێتی شۆڕشگێڕیم ڕاپەڕاندووە. لە سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ڕابردووەوە دوای بەشداربوونم لە پەروەردەی ڕاگەیاندن، لەسەر ویست و داخوازی خۆم، دەربازی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پژاک بووم.

وەک گەریلایەکی ئازادی کوردستان هەمیشە بە ئاواتی کار و خەباتی شۆڕش لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا بووم و ئەوەشم کردبووە ئامانجی سەرەکیم. بە تایبەت حەسرەتم بۆ بینین و کار کردن لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. دوای پەسەند کردنی پێشنیارەکەم بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە دەربازی چاپەمەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووم.

لە سەرەتای دەستپێکردنی کار و خەباتی شۆڕشگێڕیم لە ناو کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پژاک و کۆدار، لە بواری ژیانی شۆڕشگێڕی و کاری پیشەییەوە تا ئەم ساتەش لە ناو زۆری و زەحمەتیدا ژیاوم و ئەوەش تێکۆشانی منی بە واتادارتر و بەنرخ تر کردووە. لەبەر ئەوەی لەهەنگاوی یەکەمدا بە باشی نەمتوانیوە شرۆڤەیەکی ڕێک و پێک و تێر و تەسەل لە سەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بکەم، لە پەیوەندی و دانوستان لەگەڵ هەڤاڵاندا دەکەومە ناو کەم و کورتییەوە و زۆر جاریش بە دوودڵی و ئاسۆی تەنگەوە نزیکی هەڤاڵان دەبمەوە و لەهەوڵی تێپەڕ کردنی ئە کەموکورتیانە لەکەسایەتمدا دەدەم.

بە بەشداربوونم بۆ ناوی سیستەمی ڕێکخستنی و ژیانی تەڤگەری ڕۆژهەڵات

و بە تایبەت راگەیاندن ناکۆکیەکان لەهزر و دەروونمدا قووڵتر بوون و ئەوەش بووەتە هۆکار کە هەوڵی زیاتر بۆ گۆڕینی کەسایەت و پێگەیاندنی کەسایەتی شۆڕشگێڕی لەخۆمدا بکەم و پێداچوونەوە لەسەر کەسایەتی شۆڕشگێڕیمدا بکە م.

زۆر جار لەبەشی راگەیاندن لەبەر بەکارهێنانی تەکنیک و سەرقاڵی لەرادەبەدەر بە کارەوە کەسایەتم وا شکڵی گرتووە کە لە ئامانجە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی شۆڕش و گۆڕینی کەسایەتی و تێکۆشانی ئازادی رەگەزی لاواز بمێنم. بۆیە هەمیشە ئەم بابەتەم لەلای خۆ بە پرسێکی جیددی لەقەڵەم دەدا. ئەوەش وەک کەم و کورتی جیدی لەکەسایەتم دایە کە لەم قۆناخەدا بۆ خۆم دەستنیشانم کردووە و لەهەوڵی جیددی دام کە ئەوەش لەکەسایەتمدا دەرباز بکەم و هەنگاوی جیددی لەو پێناوەدا هەڵبگرم.

لەساتێکەوە کە بەشداری کار و خەباتی تەڤگەری ئازادی بووم، بە ئێستاشەوە بەردەوام هەوڵدانم لەو پێناوەدا بووە کە لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا خۆ بگونجێنم و چ لە دەستم بێت درێخی لێ نەکەم. لە هەل و مەرجی ئێستای گەلی کورد و تەڤگەری ئازادی تێدایە، هەموو هەوڵەکانم لەو پێناوەدایە کە بتوانم لە گۆشەیەکەوە ئەرک و باری تەڤگەر و گەلەکەم لەئەستۆ بگرم و لەو خەباتەی ئەرکدار کراوم لەئاستێکی بەرز و خوازراودا بەرەو پێشەوەی ببەم. پێشتر لە کۆمەڵگادا زیاتر لە چەند کارم پێکەوە ئەنجام دەدا. بۆیە لە کات دابەشکردندا بە زۆری کاتم بۆ کارە سەرەکیەکان تەرخان دەکردو لەبەشی دیکەی ژیان دادەبڕام. ئەمەش کەسایەتی منی تەنگ دەکرد و بە زۆری لەژیاندا گۆشەگیر دەبووم.

ئەو کاراکتەرە لەکەسایەتمدا هەتا رۆژی ئەمڕۆ بەردەوامەو هۆکاری بنەڕەتی لەتەنگبوونی کەسایەتی خۆمدا دەبینم. ئەمەش بۆ کەسایەتی خۆم بە خەڵێکی نێگەتیڤ لەقەڵەمی دەدەم و هاوکات بابەتێکی رەخنەدانەو هەوڵدەدەم بە پراکتیک رەخنەدانی خۆم بدەم و لەو تایبەتمەندییە خۆ رزگار بکەم.

لە بەر ئەوەی هەوڵەکانم زیاتر بۆ جێ بەجێ کردن و راپەڕاندنی کارو بارە رۆژانەییەکان زیاترە، لە بەشداری کردن لە ژیاندا کەم دەمێنم. لەو سۆنگەیەوە

لـه كات و سـاتی خـۆیـدا بـه پـێ پێویسـت ناتوانـم بەشـداری ژیانـی هەڤـاڵان بکەم. ئەمـەش بابەتێکـی جیددیـەو پێویسـتی بـه رەخنەدانـی ریشـەیی هەیـه و هـەوڵ و تەقـالا دەدەم، لـه پراکتیکـدا رەخنەدانـی خـۆ بـدەم و زیاتر رێسـاکانی ژیـان پەیڕەو بکـەم و سـەرجەم نرخـه مـاددی و مەعنەویەکانـی ژیـان و رێکخسـتن بپارێزم.

سڵاو ڕێزی شۆرشگێری
ملیتان جودی
٢٠١٨/٣/٢٥

# بەشی سێیەم

## وتاری هەڤاڵانی شەهید

# شۆڕشگێڕێکی بێ وێنەی نیشتمان

ئامەد شاهۆ

لەگەڕەکی مامۆستایانی هەڵەبجەی شەهید لەساڵی ١٩٩٤ لەعەشیرەی جاف، دوای ٦ ساڵ لەکارەساتی دڵتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجە، هێژا ناسیح فەقی عەلی حسێن ناسراو بە میلیتان جوودی چاو بە دونیا هەڵدێنێ. لەشارێک خونچەیەک چرۆ دەکات کە ٥ هەزار نەمامی تازە پێگەهێشتووی نیشتمان، لەئاگری فاشیزم و زوڵم و زۆرداری سەدام و دەستەو تاقمەکەی هەڵدەقرچێن. ئەو شارەی کە بە شەهید و زامدار کردنی، هەرگیز لەبەرامبەر نەیاران و خوێنمژانی کورد چۆکی دانەنواندووە. شارێک کە لەسەکۆی ناودارانی جیهان ملوانکەی قارەمانی و هێژایی پێدەبەخشرێت. بۆیە ئەو شارەیە کە هەرگیز هێژابوونی خۆی لەدەست نەداوەو ئەستێرەی درەوشاوەی تێدا دەگەشێتەوە.

لەمەڵبەندی نیشتمانی شەهید، هێژا ناسیح لەدوورگەی خەم و پەژارەو مەرگەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەناو خەرمانێک لەکول و ئیشی کوردستان گەورە دەبێ. هەر ساتێک لەژیانی بە فرمێسکی کول و ئێش دەڕازێنێتەوەو باخچەی دڵی، بە لافاوی تۆڵە شەپۆل لێدەدات. لەزەمەنێکدا چاو بە دونیا هەڵدێنێ کە زامی هەڵەبجەی شەهید سارێژ نەبووەو رووباری خوێن لەکۆڵان و شەقامەکانی شاردا هاژە هاژ دەکات.

هێژا ئەو ئەستێرە درەوشاوەی هەڵەبجەیە کە لەپشت هەوری رەش و تاریکی کیمیابارانی هەڵەبجە، دەگەشێتەوەو لەمنداڵیەوە تا سەردەمی لاوێتی لەناو تەنووری کول و ئێش و مەرگەسات دەست و پەنجە نەرم دەکات. هێژا، ناوێک لەبەر دەکات کە پڕ بە پێست و کەسایەتی ئارام و لەسەرخۆ و پابەندی خاک

و نیشتمانی خۆیەتی. دەیەوێ وەک نیشتمانی شەهیدکراوی، هێژای گەلەکەی بێت. بۆیە بە هێژایی لەدایک و گەورە دەبێ و بە هێژاییش دەژی و پەیوەستی کاروانی نەمران دەبێ.

هێژا ناسیح لەزێدی لەدایکبوونی، دەچێتە خوێندەوارخانەو بە سەربەرزی پۆلی ١٢ی وێژەیی تەواو دەکات. لەسەردەمی خوێندندا بە رێگای وێژەوە دەیەوێت، رومانی هەڵەبجەی شەهید بنووسێت. هەستی بەتینی مێژووی پڕ لەمەرگەساتی شاری شەهیدکراوی پێ داناقورتێت، بۆیە هێلانەی هزری هەمیشە زرمە زرمی تۆڵەی لێ بەرز دەبێت و شەیدای تۆڵە لەتاوانبارانی نیشتمانەکەی دەبێ. هێژا ئەو خونچە تازە دەمکراوەی شاری هەڵەبجەی شەهیدە کە لەپشت هەورە ڕەشەکانی نیشتمان هەڵدێت و لێگەڕینی بە دوای حەقیقەتی شاراوەی نیشتمانەکەیەتی. تاکە شتێک کە عۆقرەی پێ دەگرێت، ژیان و هەڵسووکەوت لەگەڵ تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەیەتی.

هێژا خوێندن و دامەزراندن لەوڵاتێک کە ئازادی و دیمۆکراسی تێدا لەگۆڕ نراوەو یادگەی پڕ لە ئێش و کولی مرۆڤەکانی تێدا سڕابێتەوە، هەرس ناکات و هەمیشە لەناو دوودڵی و ناکۆکی ژیان بە سەر دەبات. بۆیە هێژا لەساڵی ٢٠٠٩ی زایینی بە تیشکی هەتاوی ئازادی هێز و مۆڕاڵ وەردەگرێ و لەناو دوورگەی زۆڵم و زۆرداری و گەندەڵی بەرەو سەکۆی هەڵۆبەرزەفڕەکانی نیشتمانەکەی باڵدەگرێت. هێژا لەو ساتەوە کە بە تیشکی هەتاوی ئازادی دەگەشێتەوە، خەیاڵی ون کراوی دەدۆزێتەوەو هیوای بە ژیانی ئازاد و تێکۆشان بە تین تر دەبێ. بە گەهێشتنی بە مەڵبەندی ئاپۆچیەکان، کلیلی بەختەوەری دەستەبەر دەکا و بۆ گەهێشتن بە مەرام و بە دیهێنانی خەون و خەیاڵەکانی دەبێتە گلۆپێکی بەختەوەری شارە زامدارەکەی.

هێژا ماوەی ٦ ساڵ لەشەمەندەفڕی ئازادی و دیمۆکراسی بە عەشقەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دەکات. وەک لاوێکی پێشەنگ، خەرمانێک لەکۆڵەباری نیشتمان لەشان دەنێ و گەنجان لەزەلکاوی گەندەڵی و بێ بەرپرسیاری رزگار دەکات. ئەوەندە تامەزرۆی خەبات و تێکۆشانە کە لەناو دڵی هەڤاڵ و هاوڕێیانی

هێلانـەی خۆشەویسـتی هەڵدەکۆڵـێ. هێـژا سـەرجەم کۆسـپ و تەگـەرەکان پێـش تێکۆشـانی وەلاوە دەنـێ و بەرژەوەنـدی گـەل و نیشـتمانەکەی دەخاتـە سـەرووی بنەماڵـە و پارتـە دەسـەڵاتدار و بەرژەوەندخوازەکانـی باشـوور. تاکـە دەرمانێـک کـە برینەکانـی ناخـی سـارێژ دەکا، خزمـەت کـردن بـە گـەل و وڵاتەکەیەتـی.
هێـژا ناسـێح لەسـاڵی ٢٠١٥ بـەرەو مەڵبەنـدی هەڵۆبەرزەفـڕەکان باڵدەگـرێ و بـە بـەرگ و نازنـاوی ملیتـان جـوودی لەمەڵبەنـدی شۆڕشـگێڕان، ئـەرک و بەرپرسـیاری نـوێ لەئەسـتۆ دەگرێـت. هێـژا بـە بـەرگ و کولتـووری ملیتـان کەسـایەتی نوێـی دەخەملێنێـت، لەجـادەی نـوێ تێکۆشـانی، تێکشـکاندنی سیسـتەمی مۆدێڕنیتـەی سـەرمایەداری و مەرگـی خیانەتـکار و بـە کرێگیـراوەکان و سـارێژکردنی برینـی گـەل و نیشـتمانی دایـک بەبنەمـا دەگرێـت. چوونکـە شـەهید ملیتـان لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە؛ "ئەگـەر کەسـایەتی خۆمـان بەهێـز نەکەیـن ناتوانیـن ئـەو دەسـتانەی کـە ڕۆژانـە دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر خـاک و گـەل و نرخـە پیرۆزەکانمـان ببڕیـن".
هەڤـاڵ ملیتـان بـە بەشـداربوونی بـۆ نـاو ریزەکانـی گەریـلا، دەسـت لەبنەماڵـەی کۆنەپارێـز و ژیانـی بـێ واتـای جیهانـی مۆدێڕنیتـەی سـەرمایەداری بـەردەدات، لەسـەرەتای پەیوەسـتی بـۆ نـاو ریزەکانـی تێکۆشـان بـە جۆش و مـۆڕاڵ و فیـداکاری عەشـق و حەزکردنـی خـۆی بـە ژیانـی شۆڕشـگێڕی دەردەبڕێـت. هـەر لەسـەرەتای بەشـداربوونیەوە، دەیەوێـت ببێتـە دەنـگ و ڕەنگـی گەلـە ئازارچێشـتوەکەی. بۆیـە لەنـاو گەریـلادا لـە ماوەیەکـی کورتـدا لەبـواری ڕاگەیاندنیـەوە خۆی پێـش دەخات و وەک کادیرێکـی لێهاتـووی ڕاگەیانـدن خـۆی پێدەگەیەنێـت، تا بتوانێ پەردە لەسـەر راسـتیەکان هەڵبدات. بە تایبەتمەندی وردبینی و سـووربوونی لەسـەر ئاشـکراکردنی راسـتیەکان و رەخنە لەسـەر پارتە دەسـەڵاتدارەکانی باشـوور وەک ڕۆژنامەنووسێکی شۆڕشـگێڕ و ملیتـان پـەردەی لەسـەر راسـتیەکان هەڵدەدایەوە.
شـەهید ملیتـان لـە ٥ سـاڵ تەمەنـی پـڕ لەپیـت و بـە نرخـی شۆڕشـگێڕانەی لـە چ جێگایـەک پێویسـتی بـە خەبـات و تێکۆشـان هەبووبـێ، بـە بـێ دوودڵـی لەنگـەری شۆڕشـی داکوتـاوە و بـە بەرپرسـیارییەوە ئەرکـی سەرشـانی ڕاپەڕانـدووە. بۆیـە لەماراتۆنی تێکۆشـانی هەمیشـە هـەوڵ و تەقـالای داوە کە گەوهەری کەسـایەتی بە

نازنـاوی میلیتـان بخەملێنێـت. کەسـایەتی بە هەوێنی میلیتـان و هێزا دەگرسـێنێت. بـۆ گەهێشـتن بـە ئـازادی چـەک لـە شـان دەنێـت و هـاوکات بـۆ رەنگدانـەوەی دەنـگ و رەنگـی چەکەکـەی قەڵـەم و کامێـرا لەشـان هەڵدەگرێـت. تـا ژیـان و فەلسـەفەی ئـازادی گەریـلا بـۆ گـەل بگوازێتـەوە. وەک گەریلایـەک بـە ئەوینـەوە ئـاواز و ئاهەنگـی چـەک و دەنـگ و رەنگـی کامێـرای دەکێشـا و بـە نووسـینی وتـار و راوبۆچوونەکانـی رووناکـی راگەیاندنـی ئـازادی دەدرەوشـاندەوە. تایبەت شـەهید میلیتـان لەگۆرەپانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان مـاوەی دوو سـاڵ لەتێکۆشـانی بـە رەنـج و کۆششـی بـێ وچانـی لەناوەنـدی راگەیاندنـی پـەژاک وەک ئەسـتێرەیەکی راگەیاندنـی ئـازاد درەوشـایەوەو شـوێن پەنجـەی خەباتـی رووناککـەرەوەی درێژەپێدانـی تێکۆشـانی گـەل و هەڤاڵانێتـی.

شـەهید میلیتـان لـە چ وێسـتگەی شۆڕشـدا لەنگـەری داکوتابـێ، هێلانـەی خۆشەویسـتی لەنـاو دڵی گـەل و هەڤاڵانـی هەڵکۆڵاوە. وێسـتگەیەک لەتێکۆشـانی خەباتـی راگەیاندنـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانە کـە بـە رەنـج و تەقـالای بـێ سـنووری خەرمانێـک لەبیرەوەری و فەلسـەفەی میلیتانی و هێژایی چانـدووەو یادەوەریەکانی وزەبەخـش و هیـوای سـەرکەوتنی شـۆڕش گەرەنتـی دەکات.

شـەهید میلیتـان وەک چـۆن خـۆی جەختـی لەسـەر ئـەوە دەکـرد کـە؛ "مرۆڤـەکان وەک شۆڕشـگێڕ لـە دایـک نابـن و نایەنـە دونیـاوە، بـەڵام هەبوونـی شـۆڕش لـە کۆمەڵگایەک دا، مرۆڤەکان دەکاتە شۆڕشـگێڕ". بۆیە شـەهید میلیتان شۆڕشـگێڕێکی بـێ وێنـەی نیشـتمانە کـە لەپێنـاو خزمـەت کـردن بـە گـەل و نیشـتمان جەسـتەی خەڵاتـی ئـازادی کوردسـتان کـرد.

# نامەیەک بۆ کاپیتانی گەمی ئازادی

زاڵمەد

دەچوو و دەهات، ئارامی نەدەگرت و بێ ئۆقرە بوو. بیری ئەو جیاواز بوو و پرسیاری جیاواز و نوێی بۆ دەردەکەوت، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی بۆ نەدەدۆزراوە. لە دوای ماوەیەک لە لێکۆڵینی قووڵ و قاڵبوونەوە لە سەر بابەتەکان بە تایبەت پرسی وڵات و داگیرکاری، بەو راستیە گەیشت کە بۆچی ژیان تا ئەو رادەیە تارمایی بە سەری دا زاڵە و هۆکارە کە نەتوانێت بە باشی وەڵامی پرسیارەکانی بدۆزێتەوە. بۆیە لێگەرینی بە دوای وڵامەکانی و هەڵگرتنی هەنگاوی کرداری دەستی پێکرد. لە هەر بوارێکەوە دەستی بە توێژینەوە کرد و لەم و لەو ناو و نیشانی ئازادی پرسی دەکرد. دوای ماوەیەک وەڵامی یەک لە پرسیارە هەرەگرینەکانی دۆزیەوە. بۆ ئەمەش لە بەرەبەیانێکدا بریاری دا لە کەنارێنی دەریا، دەست بە سازکردنی گەمیەک بکات. کاتێک لە سازدانی گەمیەکە بڕاوە، بانگەوازی لە خەڵکانی هەژار و چەوساوە کرد، ئەو خەڵکانەی کە لە دورگەیەکی شێواو و پڕ لە دڕندەدا گرفتار ببوون و تاریکی باڵی بەسەر هەبوونیانی کێشابوو. بانگەوازی ئەو، ئەوە بوو سواری گەمیەکە بن، بۆ رزگار بوون لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری و بە ئاراستەی ئازادی چوون.

خەڵکی هەژار و چەوساوە، شەپۆل شەپۆل هاتن و سواری گەمیەکە بوون. تا کات بەرەو پێش دەچوو پرسیاری لەلا زۆرتر دەبوو، بەڵام ئەمجارەیان پرسەکان جیاوازتر لە رابردوو. وێڕای ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانی دەدۆزیەوە، پرسیاری قووڵتر و زۆرتری لەلا زەق دەبوو.

خەڵکیش لە سەر گەمیەکە ماندوونەناسانە سەڵپی(پاروو)یان لێ دەدا و تا کات بەرو پێش دەچوو لە ویشکایی یا خود دوورگە نزیکتر دەبوون. دەستیان هەڵقڵەشابوو، عارەقەی نێو چاوانیان رەش ببوو، بەڵام بێوچان لە جوڵەدا بوون و شەپۆل و تووڕەیی دەریایان نەدەناسی و لە بڕینی رێگاکەیان بەردەوام بوون. ئەو رێگایە لای ئەوان پیرۆز بوو و لەوەیش دڵنیا و متمانە خاتر بوون کە تەنیا ئەم کەشتیە دەتوانێت بە دورگەیەکی ئارام بیانگەیەنێت. خەڵک لەوە دڵنیا بوون کە وەڵامی پرسیارەکان دەدۆزرێتەوە و کاپیتان ئەوان بۆ ئەو شوێنە دەبات کە حەز و تاسەی لە مێژینەیانە.

ئیستایش دەمەوێت باسی یەکێک لەو کاپیتانانەی گەمی ئازادی یا باشتر بڵین گەمی پەکەکە بکەم کە لەسەر رێبازی خاوەن گەمیەکە گیانی فیدا کردووە. کاپیتانێک کە ناوی ملیتان جوودیە. کاپیتانێک کە هاوڕێ و هەڤاڵانی لەسەر رێبازی ئەو پەرە بە تێکوشانیان دەدەن . فەرماندەیەک کە خەرمانێک لە یادەوری پڕبەپیت و بە نرخی بەجێهێشت و ناو و شوێن پەنجەی خەباتی لە سەر زاری هەر شاگردێکیەتی و وانەکانی رێگای تێکۆشان و بەرخۆدان گەشاوەتر و بەتینتر دەکەن.

هێشتایش ئەو کاتانەی کە گوێت بۆ شێعرەکانی شێرکۆ رادەدێرا، ئەوەی کە دەیگوت:" کێ پەنا و کێ داڵدە و کێ سەرپەنامە، نازانم، من ئێستا شاخێکی بێ سوێنم...". ئاخ هەڤاڵ. تروسکەیەک لە دڵتی دەدا، ئەسرین لە چاوانت پڕ دەبوو، بەڵام تۆ نەتدەهێشت، کەسێک، هەست بە دڵی ئازار چێشتوت بکات و نەکا هەڤاڵانی دیتریش نیگەران و دڵپڕ بن. هێشتایش وێنای ئەو ساتانەم بەبیر دێت، کاتێک باس لە هەلەبجەی شەهید دەکرا چون دڵپڕ دەبووی و رق و قینی تۆلەسێنت، لە روخسار دەباری و دەرۆیشتیتە ژورێکی دیکە تا کەسێک هەست بە ئازاری ناخت نەکا. ملیتان، هاوڕێ، هەڤاڵ، تو مرۆڤێک لە ١٩٨٨ بووی. واتە مرۆڤێک لە ئەنفالی هەڵەبجەی شەهید. ئەگەر چی لەو ساڵەی کە ژن، پیاو، منداڵ، لاو و پیری هەڵەبجەی شەهیدیان کیمیاباران کرد، تۆ هێشتا چاوت بە دونیا هەڵنەهێنا بوو، بەڵام هەلسوکەوتت،

کەسیەتیت، تێگەیشتنت و بە گشتی ژیانت سیمای ئەوەی پیشان دەدا کە زۆر بە وردی و بە تێگەیشتنێکی قووڵ و بەرفراوانەوە، قووڵایی زامی هەڵەبجەی شەهیدت هەست پێکردبوو. ئەو هەڵەبجەیەی کە برینەکانی ئەوەندە قووڵن کە ئێستاکەش سارێژ نەبووە. تێگەیشتبووی کە بۆچی هەڵەبجە وای بەسەرهات و بۆچی ئێستایش زام و ئێشەکانی دەکولێتەوە، بۆیە بڕیارێکی مێژوویت دا و بەشداری ریزەکانی گەریلا بویت. بۆ ئەوەی کە برینەکانی شارە زامدارەکەت سارێژ بکەی. لە شانێکت چەک و لە شانی دیتریشت کامێرات هەڵگرت. هەموو هەوڵدان و کۆششت ئەوە بوو کە بە بڵاوکردنەوەی، هزر و رامانی رێبەر ئاپو یا خود خاوەن گەمیەکە نەک تەنها زامەکانی شاری شەهیدکراوت سارێژ بکەی، بەڵکوو تا ئێش و کوڵی خەلکی کوردستان دەرمان کەیت و بزماری خەیمەی داگیرکەران لە سەر نیشتمانی باو و باپیرانت، لە بنەڕەتەوە هەڵکەنێت و شوێنەواریان بسڕیتەوە.
هەڤاڵ ملیتان جارناجار ئەو کورتە رێگایانەی کە پێکوە تێیدا هەنگاومان دەنا و لە ناو خشپە خشپی گەڵارێزان و کرمە کرمی بەفرانبار و تینی تاقەت شکێنی هەتاوی پووشپەڕ و بۆنی گوڵانی بەهار بە کەن و جۆشەوە بۆ ئازادی گەل و وڵاتمان، خەباتمان بەرێوە دەبرد، کاتێک ئەو ساتانە و سیمای هەڤاڵم وەبیر دێتەوە، هەناسەیەک لە ناخی دڵەوە هەڵدەکێشم و دەلێم یادت لە دڵمایە هەڤاڵ. ئەو کاتانەی لە ناو دارستانی چیا ئازادەکانی کوردستان هەنگاو دەنێم یادی هەنگاوکانی تۆ دەکەوم کە پێکەوە بۆ راپەڕاندنی خەبات، کامێرامان لە شان دەنا و وێنای دەنگ و رەنگی ئازادمان دەگرد. هێشتایش بزەی سەرلێوانت و دەستی رەنجدەریت و هەنگاوی شۆڕشگێڕانەتم لە بیرە، بە باشی لە یادمە کە چۆن چەکت لەشان دەنا و کامێرات بە دەستەوە دەگرد و وەکوو لەشکەرێکی لێهاتوو لە پشت کامێراکەت رادەوەستای و وێنات دەگرد. بۆ تۆ کامێرا و چەک یەک واتایان هەبوو. لەو بڕوایەدا بووی کە بۆ ئەوەی ببیت بە کامێراوانێکی باش، پێویستە لەشکەرێکی باش و لێهاتوو بی.

# زادەی ڕەنج و ئەوین

ئاندۆک ئازاد

کۆرپە بە بێشکەو لانکە، منداڵ بە سینگی دایکە
بۆ یادی نەورۆزی ئەمساڵ، سوتان بوون بە کۆی زووخاڵ
دونیا خەمە، ژیان ژانە، بۆ شارەکەی بەهاری سوور
هیرۆشیمای کوردستانە، هەڵەبجەی دایکی شارەزوور
مەرجە هەموو بەردو داری، هەڵەبجەی تینووی ڕزگاری
دەکەینە خەنجەری تۆڵەی، بەر پشتوێنی کوردەواری

لەوانەیە زۆر کەس ئەم گۆرانیەی بیستبێ، دیارە چلۆن بەهاری سەرسەوزی هەڵەبجە سور دەکەن، دنیاکەی خەمین و ژیانی تاڵ دەکەن، تاکوو لە کوردستانیش هیرۆشیمایەک ساز کەن. بە هۆی کەمی تەمەن کیمیابارانی هەڵەبجەم نەبینی، بەڵام لە ناو گەلەکەم دا هەستم پێ کرد. تۆڵەی هەڵەبجە بە لە سێدارەدانی سەددام حسێن و عەلی کیمیایی کۆتایی پێ نایەت.

مانگی مژداری ٢٠١٨ بوو کە بۆ یەکەم جار شەهید ملیتان جودیم بینی. لەو کاتانەدا بۆ پەروەردە سەردانی ڕاگەیاندنی پەژاک مان کردبوو. هەڤاڵ ملیتان لەوێ بوو، بە گەرمایی هەڤاڵیەتی بەخێرهاتنی کردین. لە ناو بەفر و ڕنووی زستان، لەسەر شاخە ئازادەکانی کوردستان بە کار و خەباتەوە سەرقاڵ بوو... دوای پشوودانێکی کورت چووم کە یارمەتیان بدەم، لە گەڵ کار کردن ناومی پرسی و گوتی

خەڵکـی کام شـاری؟
گوتم سنە، ئەی تۆ؟
گوتی هەڵەبجەی شەهید.
بـۆ چەنـد سـات بـێ دەنـگ بـووم. هەڵەبجـە و کیمیابـاران، کوردسـتان و داگیـرکاری کەوتـەوە بیـرم، پرسـی کـرد چ بـوو؟
بـۆ ئـەوەی هەسـتی پـێ نـەکات بـە گاڵتـە گوتـم: تـۆ باشـووریت لـە ڕۆژهـەڵات چ دە کە ی؟
پێکەنی و گوتی گرینگ نییە، خەبات گرینگە.
سـەرەتای نـاس کردنـی مـن و هەڤـاڵ ملیتـان بـە دیتنـی ڕەنـج دانـی ئـەو بـوو، لـە نـاو هەڤالانیـش شـەهید ملیتـان بـە ڕەنـج دەری ناوبانگـی هەبـوو. دەیزانـی بـە تێکۆشـانی بـێ وچـان، ئـازادی بـەدی دێـت. پیوانـی گەریلایەکـی ئاپویـی لـە کەسـایەتی خـۆی دا گەوهـەری کردبـوو، بـە ڕاسـتی تێکۆشـەر یـان ملیتـان شـایانی ئـەو بـوو. کەسـایەتیەکی بـە ویـژدان بـوو، تۆڵـەی گەلەکـەی بـوو. ژانـی گەلەکـەی نـاس دەکـرد و لـە بیـری نەدەکـرد و بـۆ سـاڕێژ کردنیـان ئـارام و قـەراری نەبـوو. هەڤاڵێکـی نەتەوەیـی بـوو، بـۆ نموونـە شـەهید ملیتـان، گۆرانـی و هەڵبەسـتی نیشـتمانی و شۆڕشـگێڕی گـوێ دەدا، حـەزی لـە گۆرانـی { کوردسـتان...هەر بـژی بـە شـادی..} بـوو، بۆیـە بـە جـۆش و خرۆشـەوە کلیپـی لەسـەر دروسـت کـرد و خەڵاتـی گەلەکـەی دەکـرد. شـەیدای خوێندنـی هەڵبەسـتەکانی شـێرکۆ بێکـەس و عەبـدوڵا پەشـێوبوو.
کاریگـەری هێڵـی ئـازادی ژن لـە سـەر کەسـایەتی شـەهید ملیتـان زۆر بـوو، بـە تایبـەت کەسـایەتی شـەهید سـارا و شـەهید ڤیـان مچڕۆکـی دەخسـتە جەسـتە و گیانیـەوە. دەیزانـی ئـازادی کوردسـتان ڕاسـتە و ڕاسـت پەیوەنـدی بـە ئـازادی ژنـی کـوردەوە هەیـە. هەڤـاڵ ملیتـان، وەک گەریـلا لەهەوڵدابـوو کـە لەسـەرجەم بوارەکانـی تێکشـان شـارزەیی پەیـدا بـکات، لەنـاو گەریـلادا زۆر حـەزی لـەکار و خەباتـی میدیایـی دەکـرد و وەک گەریلایەکـی رۆژنامەنـووس بـێ پسـانەوە کار و خەباتـی ئەنجـام داوە.

کامێراوانێ بوو کە بە بەرهەمەکەی، میدیاکانی داگیرکەران و خەیانەت کارانی پوچ دەکردەوە. یەکەم مامۆستای من لە بواری ڕاگەیاندن بوو، دەی گوت: چالاکی ئێمە پرۆگرام وبەرنامەکانمانن، تەنانەت دەی گوت دەبێ کامێرا وەکوو چەکێک لە دەس بگرین. ئامانجی ئێمە هۆشیار کردنەوەی گەلە و ڕسوا کردنی هێلی خەیانەتە و هەروەها لە ناو بردنی داگیرکەرانە.

پاش ئاگادار بوونمان لە شەهید بوونی هەڤاڵ ملیتان جوودی کە بە هۆی بوردومانی فرۆکەکانی داگیرکەران روویدا، هێزی هەنگاوەکانمان چڕ و پڕتر و دەنگمان زەلاڵ تر بوو. ئەوەی کە سەر دەکەوێ هێڵی بەرخۆدانە و ئەوەی کە بن دەکەوێ هێڵی خەیانەتە، شەهید مزگێنی هەڵهاتنی هەتاوی ئازادیە. ناس کردنی کەسایەتی و ئامانجی شەهیدان، هەبوونی ئێمە مسۆگەر دەکەن و بەرەو سەرکەوتن دەمانبات.

گەنجانی باشور و هەڵەبجەی شەهید دەبێ هێڵی شەهیدان کە هەمان سەرکەوتنە بۆ خۆ بە هەند وەربگرن.

بە هیوای گەیشتن بەسەرکەوتن.



# بەشی چوارەم

## ئالبۆمی شەهید













# تەنها ئاگر دەنوسین و ئاگر دەخوێنینەوە

ئێمەی نەوەی زەردەشت، باوەڕمان بە
ئاوێستا و جوانیەکانی ژیان هەیە
لە ئەزەلەوە فێرکراوین، ئاو و خاک، ئاگر
وژینگەپارێزبین
ئێستاش هەروایین، وەک خۆمانین، نە
گۆڕاوین
خاک لە ناو دڵمانە
رووناکی ئاو، سۆمای چاومانە
ژینگە ناسنامە و
ئاگر دەنگمانە......
گەورە و بچووک
ورد و درشت
نەوەی ئارین و
ئاهورامەزداخوداوەندمانە
.................................
پێمان وتن دەست بۆ خاک نەبەن
ئێمە کوردین، لە دێر زەمانەوە خاک و
خۆڵی ئەم نیشتیمانە دەپەرستین
پێمان وتن ڕێڕەوی ڕووبارەکامنان
نەگۆڕن
بەرد نەگرنە کانیەکامنان و
سەرچاوەکامنان کوێر نەکەن

ئێمە لە پێش خوداکانی ئێوە وە لەناو
بەهەشتی خۆماندا دەژین
پێمان وتن ژینگەمان لێ مەشێوێنن
دار زوير مەکەن، بەرد نەڕەنجێنن
تورەییمان هەموو ژیانتان لەناو خۆیدا
نوقم دەکات
پێمان ووتن هەزران ساڵە هەر
دەسوتێین و ناکوژێینەوە
گوێمان ياريمان پێنەکەن، دەستمان بۆ
نەبەن
بڵێسەی گڕمان تەختی پاشایەتیتان
دەسووتێنێت
..........................................
٢٠ ساڵە هاور دەکەین، پێش لە
ڕووناکیمان مەگرن
ئێمەی میلەتی کۆیلە
هەر هەمووومان فەدایی ژیانێکی ئازادین
ئاپۆ دڵ و ژیانی هەمووومانە
ئەمڕۆ تیشکی ئاپۆ لە ناو چاوی زارۆکانی
ئەم نیشتمانە دەدرەوشێتەوە
لەناو هەموو تاڵی نەهامەتیەکاندا
ئاپۆ چەکوشی دەستی کرێکار و

ڕەنجدەرانی ئەم خاکەیە
لە کاتێکدا هیوا لە مرۆڤەکان دابڕاوە
ئاپۆ هێز و ئیرادەی ژیانی گەنجانی ئەم
وڵاتەیە
لە ناو ئەم تاریکستانەی ژیانەدا
ئاپۆ فانۆسێکی ڕوناکیە و لەناو هەموو
ماڵێکی هەژار دایە
ئاپۆ گۆچانی دەستی هەموو ڕێبوارانە
ئاپۆ تفەنگی دەستی هەموو تێکۆشەرانە
ئاپۆ بە تەنها مرۆڤێکی ئاسایی نیە
ئاپۆ چەخماخەی شۆڕشێکە
کە لە شەوگاری کوێری کۆیلایەتی
دەدات
ئەمڕۆ ئاپۆ تیشکی تاوی ئازادییە
کە لە پشت سێدارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە
هەڵدێ و
وڵات ڕوناک دەکاتەوە.
..........
لە کۆتا ساتەکانی مەرگ دا
ئاپۆ خەونی بەدی نەهاتووی ئەو هەموو
ئیرادانەیە
کە لە ناو بێ دەنگی زیندانەکاندا هاواری
ئازادی دەکەن
ئەمڕۆ ئاپۆ
دوا هەناسەی مرۆڤەکانە
دوا تروسکەی چاویانە

کۆتا لێدانی دڵیانە
دوایین دڵۆپی خوێنیانە
ئاپۆ ئەمڕۆ هێز و وره و باوەڕەی هەر
هەموومانە
کاتێک ئاپۆ هەموومان بێت و
هەموومان ئەو بین
کەس ناتوانێت ژیانمان بکوژێت
ئازادیمان دیل بکات
باوەڕیمان بشکێنێت
ناسنامەمان بسڕێتەوە
ئێمەی نەوەی کاوەی ئاسنگەر
ئاگر سەرچاوەی ژیانمانە و
تەنها ئاگر دەنووسین و ئاگر
دەخوێنینەوە
کاتێک ئاپۆ ئیرادەمان بێت
کەس ناتوانێت دەسەڵاتدارمان بێت
کاتێک ئاپۆ هێزمان بێت
دڵنیابن هەموو سالاریەکانی جیهان
دەخەینە سەر یەک و گڕێ تێ
بەردەدەین

**شهید ملیتان جوودی**



"هەرگیز ناتوانم نە درۆ لەگەڵ خۆم و نەلەگەڵ دەورووبەری خۆمدا بکەم. مرۆڤێکم کە هەستم لێوانلێوە لەڕق و کین، بەڵام بە ئامانج و هیواکانی خۆمەوە گرێدراوم. هیچ کات ناتوانم بڵێم شەهیدان هەموو شتێکی ئێمەن و کەچی ئامادە نەبم کارێکیان بۆ بکەم. ئەگەر شەهیدانمان خۆش دەوێت و دەمانەوێت لەسەر ڕێبازیان بەردەوام بین با هەر کەسێک لەلای خۆیەوە خاوەندارێتی لەزەنج و یادەوەریەکانی شەهیدان بکات.